# پابەند نەبوونی ڕۆژنامەنووسان بەئێتیکی ڕاگەیاندن و هۆکاری لەدەستدانی متمانەی خوێنەر بە ڕۆژنامەکوردییەکان

## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆرا)

**شاخەوان محەمەد سلێمان**[١] **پ.ی.د. مغدید خدر ئەحمەد**[٢]
[١] بەشی راگەیاندن، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
[٢] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**
پابەندنەبوونی ڕۆژنامەنووسان بەئێتیکی راگەیاندن وهۆکاری لەدەستدانی متمانە لای خوێنەر لە هەرێمی کوردستان، ناونیشانی توێژینەوەکەیە، بۆ ئەو مەبەستە توێژەر میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە، بۆڕۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ)، (خەبات)، (ئەڤرۆ). کەشیکردنەوەی ناوەرۆک بۆ سەرجەم ژمارەکانی هەرسێ ڕۆژنامەکە کراوە، لەساڵی ٢٠١٩ لەهەر وەرزیک مانگێک بەشیوەی مەبەستدار وەرگیراوەو بەشێوەیەکی مەیدانی بابەتەکانی هەڵسەنگیندراوەو لەخشتەیەک هۆکاری لەدەستدانی متمانە لای خوینەری رۆژنامەکان خراونەتە ڕوو. هەروەها زانینی ئاستی پابەندبوونی رۆژنامەنووسانە، بەبنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن وە ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر دروستکردنی بێ متمانەی لای خوێنەری، رۆژنامە کوردییەکان لەهەرێمی کوردستان. گرفتی توێژینەوەکە بێ متمانەیەی بە ڕۆژنامەکوردییەکان، بۆ زانینی ئەم ئاستە توێژەر، شیکردنەوەی ناوەرۆکی کردووە بۆ ژانرەکانی رۆژنامە و هەروەها خستنە ڕوو وزانینی ئاستی پابەندنەبوونی ڕۆژنامەنووسان لەڕۆژنامەکان، هەر لە دانانی وینەو ڕێکلام و نەخشەو فەرامۆشکردنی دیزاین و دابەشکردنی بابەتەکان بەشێوەیەکی پیشەی ڕۆژنامەنووسی داواکراو. ئەم شیکردنەوە مەیدانیە تەوای پێشێلکردنی ئێتیکی راگەیاندن لەو سێ ڕۆژنامەیە دەخاتە ڕوو. لەئەنجامدا دەرکەوتووە، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە رۆژنامەکوردییەکان کاردەکەن، بەڕێژەیەکی وئاستێکی زۆر وەکو لەخشتەکاندا هاتووە، پابەند نین بە ئێتیکی راگەیاندنەوە.

**کلیلی وشەکان: (ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنووس، ئێتیکی راگەیاندن، متمانە، رۆژنامەکوردییەکان، خوێنەر).**

## پێشەکی

ناونیشانی ئەم توێژینەوە (پابەندنەبوونی رۆژنامەنووسان بەئێتیکی راگەیاندن و هۆکاری لەدەستدانی متمانە لای خوێنەری رۆژنامە کوردییەکان). لەپێش ڕاپەڕین ڕۆژنامەنووس لەکوردستان ژمارەیان بەشێوەیەکی بەرتەسک بووە، ئەوەی کاری ڕۆژنامەنووسی کردبێت لە ڕۆژنامەکان زۆر بەهۆشیارانە مامڵەی لەگەڵ بابەتەکان کردووە، هەر لەدەرچوون و لەدایک بوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کەڕۆژنامە (کوردستان)ە تا ڕاپەڕین، ڕۆژنامەنووسانی کورد لەنووسینەکانیان هەوڵیانداوە، بەنەرمترین شێوەو جوانترین دەربرین بۆ خوێنەرەکانیان بنووسن.

بەڵام لەهەرێمی کوردستان، لەپاش ڕاپەڕین، کەشێکی سیاسی ئازاد هاتە ئاراوە، بەدروست بوونی هەرێمێکی سەربەخۆ، کەخاوەنی دامەزراوەی، یاسادانان و دامەزراندنی حکومەت بێت. ئەوەش دەرگای واڵاکردەوە لەبەردەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تاکو بەئازادی و سەربەخۆیی بنووسن و بتوانن، ڕۆژنامەو گۆڤار دەربکەن، لەپاش سالی ٢٠٠٠وە رۆژنامەی سەربەخۆو زەردیش لەهەرێم سەریان هەڵدا. ئەو یاسایانەی لەهەرێم کاریان پێدەکرێ، تاکو سەندیکای رۆژنامەنووسانیش نەیان توانی کۆنترۆڵی ئەو هەموو پێشێلکردنی ئێتیکی راگەیاندنە بکەن. لێشاوی پیشکەوتنی تەکنەلۆجیای ڕاگەیاندن و پەیوەندی کردن ئەوەندە خێرا هەرێمی کوردستانی تەنیەوە، کەلە ئەنجامەدا بڵاوکردنەوەی زانیاری بووە بەچرکەو هاوڵاتی خۆیان ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس دەبینن لەناو ڕووداو پێشهاتەکاندا. ئێتیکی راگەیاندن

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 21 يناير 2022؛ قُبل في 10 مارس 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 02 مايو 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023 شاخەوان، د. مغديد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەدیلی یاسا نیە بەڵکو ئێتیک بەشێکە لەویژدان و ئەخلاقی خودی رۆژنامەنووسەکە، ئێتیکی ڕاگەیاندن، چەند بەڵێننامەو نووسراوەیەکە کەناوەندەکانی رۆژنامەگەری و خودی رۆژنامەنووسان لەسەری ڕێکەدەکەون بۆ جێبەجێ کردنی، لەکاتی ڕووماڵی هەواڵ وگەیاندنی زانیاری بەشێوەیەکی ڕاست و بابەتی و سەربەخۆ.

## تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە:

### باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:

### 1 - کێشەی توێژینەوە:

خستنە رووی گرفتی توێژینەوە بە ئامانجی دەستنیشانکردنی دیدو ڕاو بۆچونی توێژەرە. پرۆژەی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی ئاستی پابەندبوونی رۆژنامەنووسان بە ئێتیکی ڕاگەیاندن. وە ئەو پابەند نەبوونە کاریگەری دەبێت لەسەر (نەبوونی متمانە لە نێوان خوێنەر و رۆژنامەنووسان لە رۆژنامەکوردیەکانی هەرێمی کوردستان). ئەمەش لە ئەنجامی درک کردنی توێژەرە بە هەبوونی کێشەکە.

### 2 - گرنگی توێژینەوە:

١-خستنە رووی ئاراستەیەکی نوێ لە توێژینەوەکە بۆ هۆشیارکردنەوەی رۆژنانووسان بە لایەنی ئەخلاقی لە نووسینی بابەت و بڵاوکردنەوەی نوسینەکانیان لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا.

٢-دەرخستنی رۆڵ و کاریگەری ڕێساو ئاکارە بەردەستەکانی کۆمەڵەو یەکێتی و سەندیکا رۆژنامەوانیەکانی جیهان لە بواری ئێتیکی ڕاگەیاندن .

٣-زەمینە دەرەخسێنێت بۆ بنەما ئێتیکییەکانی رۆژنامەگەری، هەوڵیشدەدا بۆ دارشتنی مودێلێکی گونجاو لە پیناو هەڵسەنگاندنی ئاستی متمانەی ئێتیکی رۆژنامەگەری کوردی.

### 3 - ئامانجەکانی توێژینەوە:

١-زانینی ئاستی پابەند بوونی رۆژنامەنووسان بە بنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان.

٢-دەرخستنی ڕێژەی متمانە بوونی خوێنەر  بە رۆژنامە کوردیەکان لە هەرێمی کوردستان.

٣-زانینی هۆکارەکانی دروست نەبوونی  متمانە بەرۆژنامەکوردییەکان.

### 4 - پرسیارەکانی توێژینەوە:

1. ئایا پابەندبوونی رۆژنامەنووسان بەئێتیکی ڕاگەیاندن پەیوەندی هەیە بە دروست بوونی متمانە لای خوینەر بە رۆژنامەکوردییەکان لە هەرێمی کوردستان؟
2. ئایا پابەندبوون بەبەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی پەیوەندی هەیە بە دروست بوونی متمانە لای خوینەر؟
3. دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لەهەرێمی کوردستان پەیوەندیان هەیە بەدروست بوونی متمانە لاە خوینەری کورد؟
4. ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی پێشێلکردنی ئێتیکی ڕاگەیاندن پەیوەندیان هەیە بە لەدەستدانی متمانە لای خوینەری رۆژنامەکوردییەکان؟

### 5 - میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک لەم توێژینەوە بەکارهاتووەن بۆ زانینی ئاستی پابەند بوون بەئێتیکی ڕاگەیاندن، لەرێگای شیکردنەوەی ناوەرۆکی هەرسی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، (خەبات)، (ئەڤرۆ).

### 6 - کۆمەڵگەی توێژینەوەو سامپڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە هەرسێ رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، (خەبات)، (ئەڤرۆ)

### 7 - دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

**یەکەم: رۆژنامەنووس: Journalist** *رۆژنامەنووس* بەو کەسە دەگوترێ لە: رۆژنامە یان گۆڤار، کەناڵی تەلەفزیۆنی، ئێزگەی رادیۆ یان ماڵپەرێکی ئەلکترۆنی یان هەردەزگایەکی دیکەی ڕاگەیاندن وەک ئاژانسەکانی دەنگوباس کاربکا و ئەو مووچەی وەردەگرێ لە ڕێگای پیشەی رۆژنامەنووسی بێ و زۆر باشیشە ئەگەر تێری ژیانی بکات. (سەپان، ٢٠١٥، ل٨٣)

**دووەم: ئێتیکی ڕاگەیاندن: Media Ethics** ئێتیکی راگەیاندن: پەیوەندی بە کردارو ویژدانی رۆژنامەنووسەوە هەیە، لە چوارچێوەی ئەو ڕێسایانەی کەرۆژنامەنووسان لەسەری ڕێکەوتوون، نەک حکومەت و یاسا  نووسراوەکانەوە. *(2003, p6 Global Debates,).*

**سییەم: ڕاگەیاندن: Media** دەتوانین بیر لەلیستێک بکەینەوە لە تەلەفزیون، فیلم، ڕادیۆ، رۆژنامە، ئەنتەرنیت، بەڵام تەنها لیستێک هاوبەشیەکی کەم یان لێچوویەکی کەمان بۆ دیاری دەکات، کەواتا پێناسەی ڕاگەیاندن واتا هەموو ئەو تەکنەلۆجیایانەی کە پەیامەکە  بە خوێنەر دەگەیەنن، لە چەندین شوێنی هەرێمێک یان وڵاتێک یان هەموو جیهان. *(Laughey, 2007, P1).*

**چوارەم: متمانە:Trust** بریتیە لە حالەتێکی هەستیاری دەروونی کەرەنگ دەداتەوە لە گوفتارو هەڵسوکەوتی هەموو تاکێکدا وە بریتیە لە کۆمەڵێک بیروڕا لای تاک کە گەیشتوتە پلەی توانەوە لەناخداو  (قەناعە) ی لێپێکهاتووە" (*https://www.kurdiu.org/ku/b*).

متمانەی ڕاگەیاندن: متمانە لە راگەیاندن ڕێژەی پشت پێ بەستنی خوێنەرە بۆ ئەو زانیاری و ڕاوبۆچونانەی کە لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەش دەکرێ، هەروەها شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی پرۆفیشینالانەیە. *( Osburg and Heinecke, 2019, p56).*

**پێنجەم: خوێنەر: Reader** خوێنەر یان وەرگر: (وەرگر لە پەیوەندی کردنی جەماوەری ژمارەیەکی زۆری خەڵکین، کە لەتەمەن و ئاستی رۆشنبیری و ئارەزوو و تواناو ئامادەباشیاندا جیاوازیان هەیە، بینەرن، بیستەرن، یان خوێنەر). (مکاوی، ئەلشەریف، ٢٠١١، ل٧٠).

**شەشەم: رۆژنامەکوردیەکان:Kurdish Journalis** هەموو ئەو رۆژنامە کوردیانە دەگرێتەوە کە بەزمانی کوردی بە شێوەیەکی فەرمی رۆژانە یان هەفتانە لە هەرێمی کوردستان دەردەچن. یان لە سەردەمێک لە سەردەمەکانی پێشوو دەرچوونە، ئیستا دەرناچن و بلاوناکرێنەوە.

## باسی دووەم: ڕەهەندو سەرهەڵدانی ئێتیکی ڕاگەیاندن:

## یەکەم:ڕەهەندی ئێتیکی ڕاگەیاندن:

(ئێتیک لقێکی فەلسەفەی ئەخلاقیە، کەلە نوسینەکەی ئەرستۆ و (ئەپیکتۆتەس)،(Epictetus) چەندین بیرمەندی گریکی کۆنی ترەوە ڕەگی داکوتاوە، کە سروشتی خولقاندنی باشە بووە.(Media Ethics 2014. P7)

هەموو پیشەیەک "ئێتیکی خۆی هەیە و مرۆڤ لەکاتی کارکردنی پێویستە بیری لێبکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو کارەی ئەو ئەنجامی دەدات بە تێری بکرێت و مافی خۆی پێ بدریت و کەسیش غەدری لێ نەکرێت. ئێتیک لە بیرو هزری مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووەو زیاتر لەو کاتە بیری لێدەکرێتەوە، کە ئەو کارەی تۆ ئەنجامی دەدەیت، کارتێکردنی لە سەر کەسانی دیکە هەبێت". (سەپان، ٢٠١٤، ل٢٠).

ئێتیکی ڕاگەیاندن، لقێکی نوێ و گرنگی ئێتیکی پیشەییە، کە کۆدەنگی لە سەر یەک پێناسە و دەستنشانکردنی سنوری ئێتیکی ڕۆژنامەگەریدا لە نێوان شارازایانی ئەم بوارەدا نیە. بە گشتی مەبەست لە ئێتیکی ڕاگەیاندن، "کۆمەڵێک ستاندارد و بڕیارە کە چاودێری ڕفتارو هەڵسوکەوتی میدیا و هەنگاوەکانی بەرپرسانی بوارەکە دەکات". (محمد، ئێتیکی ڕۆژنامەگەری، ٢٠١٩، ل٥٤).

## دووەم:سەرهەڵدانی ئێتیکی ڕاگەیاندن:

ئەخلاقی ڕاگەیاندن "بۆ یەکەم جار لە ساڵی١٩٠٤ لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، باسی لێوە کرا و پێیان باش بوو لە سەر ئاستی میللی ئەم ڕێسایانە هەبن و ڕۆژنامەنووسان لە دەزگاکانی خۆیان کاری پێبکەن و پەیڕەوی بکەن، زۆر لە سەرنووسەرو رۆرژنامە نووسان پێیان باش بوو، پەیڕەوکردنی ئەم ڕێسایانە تەنها لە سەر ئاستی میللی نەمێنن و باشە لە هەموو جیهان کاری پێ بکەن". (سەپان، ب١، ٢٠١٢، ل١٥١،١٥٢). د. ڕەزوان بادینی وا باس لە مێژووی پەیماننامەکانی ڕۆژنامەوانی دەکات: (خەبات، ژ/٣٣٠٩، ل٥).

لە (ئەمرۆدا دەتوانین ئاماژە بە دەیان پەیماننامە و بەیاننامەی نێودەوڵەتی بکەین بۆ ڕێکخستنی ڕۆژنامەگەری لە سەر ئاستی جیهان. سەرهەڵدانی ڕێکەوتننامەکان بە فەرمی لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی بۆ ساڵی ١٩١٣ دەگەڕێتەوە). لە ساڵی ١٩٣٩ لە "کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، سەندیکای ڕۆژنامەنووسی جیهانی(IFJ)، ڕێسای (کۆدیکسی)ی ئەخلاقی بۆ تەواوی ڕۆژنامەنووسانی جیهان نووسی. لەو کاتەوە بەردەوام بە پێشنیازی نوێ دەوڵەمەند کراوە، تا ئەوەی جارێکی دیکەش لە ساڵی ١٩٨٠ پرەنسیپەکانی سەرلەنوێ لە ژێر ناوی ( International Principles of Professional Ethics in Journalism) فۆرمەڵە کردوە." (سەپان، ب١، ٢٠١٢، ل١٥٢).

### ١- ئاستەکانی پەیماننامەی ئێتیکی لە جیهان:

پەیماننامە ئاکاریەکان لە سەر پێنج ئاست دامەزرازن لە جیهاندا:

- پەیماننامە لە سەر ئاستی جیهانی: وەک پەیماننامەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی نیودەولەتی کە بارەگاکەی لە(برۆکسل)ە. (مرکز تطورأعلام، ٢٠١٧، ص١١).
- پەیمننامە لەسەر ئاستی ئیقلیمی: وەک لە ساڵانی (١٩٨٢- ١٩٨٣) دا نوێنەرنی ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەوانی نیونەتەوەی، ناوچەیی چەند پەرەنسیپیکیان دیاری کرد، کە بە پرنسیپە نێو نەتەوەیی یەکانی پسپۆری ڕۆژنامەوانی ناسراوە، بە بۆچونی ئەوان پێویستە هەر ڕێکخراوێکی ناوچەیی، نیشتمانی، نەتەوەیی کار بۆ یاسای ئێتیکی خۆی بکات.(دەرگەڵەیی، محاضرات، ٢٠٠٢).
- پەیماننامەی ئاکار لە سەر ئاستی نیشتمانی: وەک سەندیکا، یەکێتی، کۆمەڵەکان، یانەکان و ڕۆژنامە گەورەکان کە دەتوانن پەیماننامە دابڕێژن. نموونەی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسان لە ساڵی ١٩٧٣ دامەزرا وەک (قواعید الأخلاقیات). وە لە ساڵی ١٩٧٥ بەیانی کۆمەڵەی سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانە ئەمریکا دەرچوو لە سەر ڕەوشتی ڕۆژنامەوانی. (مرکز تطورالأعلام، ٢٠١٧، ص١١).
- لە ساڵی ١٩٢٩ کۆمەڵە نیشتمانی پەخشی ڕادیۆیی و کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی ئەمریکا دەرچووە، پاشان پێشخراوە.
- لە ساڵی ١٩٨٩ یاسای ئێتیکی ڕۆژنامەوانی لە لایەن یەکێتی ڕوژنامەوانی ڕوسیا دەرچوو کە جەخت دەکاتەوە لە سەر (ڕاستیەت، بابەتی بوون، ویژدان پاکی، ڕێز لە کەرامەتی تاکەکەسی گرتن و بەهاگشتی یە مرۆڤایەتیەکان). (دەرگەڵەیی، موحازەرە، ٢٠٠٢).
- پەیماننامەی شەرەف لە سەر ئاستی کەرت (قطاعی): وەک پەیماننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی ژینگە، پەیماننامەی یونسێف بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ منداڵان. (مرکزتطورالأعلام، ٢٠١٧، ص١١).

### ٢-پەیماننامەی ئێتیک لە سەر ئاستی دەزگای ڕاگەیاندن:

دیاری کردنی پەیماننامەی ئێتیک بۆ ئەوانەی لە ناو دەزگاکە کار دەکەن، بۆ بەردەوام بوون لە سەر ئەم ڕێڕەوە. وەک: بەڕێوەبەری وەکالەی (ئەسوشیتد) پرێس هەڵسان بەدانانی ( بنەمای نموونەی ڕەوشتی ڕۆژنامەنووسی) وەک بەرپرسیاریەتی و وردبینی و فراوانکردنی پانتایی ڕاگوزرینەوە و پاراستنی ئەمانەت، وەرنەگرتنی هیچ هاوکاریەک لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی هەواڵ یان ڕاپۆرتێک). (مرکز تطور الأعلام، ص١١). دەرکردنی (پەیماننامەی شەرەفی کارمەندانی ئاژانسی هەواڵی (یونایتد پرێس انترناشونال) کە لە سەر دوو بنەما سەرەکی دامەزرابوو:

یەکەم: تێکەڵ نەکردنی خێرایی و سبق لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا.

دووەم: پێویستە ڕۆژنامەنووسانی ئاژانسەکە بەر لە ڕۆژنامەنووسانی دیکە هەوڵی وە دەستهێنانی هەواڵ بدەن، بەڵام ئەو خێراییە نەبێتە هۆی هەڵە کردن لە دەسەکەوتنی هەواڵ.

هەروەها پەنامەی شەرەفی ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) جەخت دەکاتەوە لە سەر تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگاو بەو پێییەی بەها کلتورییەکانی کۆمەڵگا لە گۆڕاندایە پێویستە ڕۆژنامەکەش زوو زوو بە بنەما ئاکارییەکانی خۆیدا بچێتەوە.

لە وڵاتانی عەرەبیش نموونەی پەیماننامەی شەرەفی کارمەندانی کەناڵی ئاسمانی ئەلجەزیرە، کە لە ساڵی ١٩٩٦ دەرچووە. جەخت لە سەر پەیڕەوکردنی بنەمای ئێتیک دەکاتەوە. (عومەر، ٢٠١٢، ل٦٧،٦٨).

### ٣-ئێتیک و ئەنجومەنی ڕاگەیاندن:

ئەنجومەنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ لەهەر وڵاتێک دەبێتە هۆی ڕێکخستن و باشتر کردنی ڕاگەیاندن، وە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ کەرۆژنامەنووسان پابەند بکات بە ئێتیکی ڕاگەیاندنەوە. "ئەنجومەنی ڕاگەیاندن بۆ جوانکردنی ڕاگەیاندن پێویستە و بۆ ئەوەی کەس لە ڕاگەیاندن غەدری لێنەکرێ لە وڵاتان دامەزراوە، زیاد لە شەست دەوڵەتی جیهانی خاوەنی ئەنجومەنی ڕاگەیاندنی خۆیانن. لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن هەیە، بە جۆری جیا جیا کار لە سەر ڕاگەیاندن دەکەن و ئەنجومەنی ڕاگەیاندن هەڵدەبژێرن، بەلام ئامانجی هەموویان وەک یەک وباشترو جوانکردنی ڕاگەیاندنە". (سەپان، ٢٠١٥، ل١٢٣).

لە هەندێک دەوڵەت وەک "فەرەنسا سەرۆک کۆمارو سێ ئەندام و حکومەت سێ ئەندام و پەرلەمان سێ ئەندام بۆ ئەنجومەنی ڕاگەیاندن دادەنێن، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەنجومەن بیلایەنی تەواوی خۆی بپارێزێ". (سەپان، ٢٠١٥، ل١٢٤). لە "ئەمریکاو بەریتانیا رۆژنامەنووسان خۆیان لە ڕێگای هەڵبژاردن لە کەش و هەوایەکی ئازاددا سەرۆک و ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە هەڵدەبژێرن، ئەم ئەنجومەنە لە پیکهاتندا جیاوازە لە سەندیکای رۆژنامەنووسان و ماوەی ئەندامێتیەکەی دیاریکراوە". (سەعدی، ٢٠٠٤، ل١٨).

ئەنجومەنی ڕاگەیاندن "کاردەکا بۆ ئەوەی لایەنی ئەخلاقی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن پشت گوێ نەخرێ، ئەو کەسانەی لە ڕاگەیاندنیش ناویان بە خراپە یان هەڵە دێ، لە ڕێگای ئەنجومەنی ڕاگەیاندنەوە، داوای مافی خۆیان و ڕاستکردنەوەی دەکەن". (سەپان، ٢٠١٥، ل١٢٤).

د. مغدید سەپان لەم بارەوە دەنووسیت: لە هەر وڵاتەو یەک ئەنجومەنی ڕاگەیاندن هەیە، کە هاوڵاتیان لە کاتی پێویست بە هانایەوەدەچن، بەڵام هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن خاوەنی ئەنجوومەنی ڕاگەیاندنی خۆیانن. هەبوونی ئەنجوومەن ناکاتە ئەوەی رقابە لە سەر نووسین پیش بڵاوکردنەوەی دابندرێ" ئەنجومەنی ڕاگەیاندن ناتوانێت فەرمان بە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بکات بەوەی لە کاتی هەڵە کردندا خۆیان ڕاست بکەنەوە بەڵکو زیاتر ئاگادارکردنەوەیەو وەڵامدانەوەی ئەوانە بەنامە. (سەپان، ٢٠١٥، ل١٢٤).

دەشێ ئەنجومەنەکانی رۆژنامەنووسی بەم ئەرکانە هەستێ: (مکاوی، و. کوردی، ٢٠٠٤، ل١٦٦).

- دڵنیا بوونەوە لە ڕاستی ئەو ئەو هەواڵانەی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بڵاویدەکەنەوە.
- کەمکردنەوەی ئەو کێشەی ناوزڕاندنانەی دراونەتە پاڵ ڕاگەیاندن، وەچارەسەرکردنی کێشەی جەماوەر.
- بواردان بە جەماوەر بەرامبەر بەو پەیامەی پێیان دەگات، وەبڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی جەماوەر بەباشی هەستیان پێ دەکات یان بەخراپی هەستیان پێ دەکات.
- پشتگیریکردنی ڕاستگۆی لە کاری ناوەندەکانی ڕاگەیاندن.
- بایەخدان بە خەڵکی لە رووی ئەو ڕۆڵەی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا پێی هەڵدەستن.
- پشتگیری کردنی ئازادی رۆژنامەنووسی لە ڕێگای پیداگرتن لە سەر دادوەریی و چاککردنی بەڕیوەچوونی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن.
- پارێزگاری کردن لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە سانسۆری حکومی.

## ٤-ئێتیک و ئازادی رۆژنامەگەری:

(چەند دیموکراسی لە وڵاتدا فراوان بێت، ئەوەندەش شەرعیەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن زیاتر دەبێت، لەو ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نیوان رۆژنامەگەری و دیموکراسیدا هەیە، بۆ هاوکاری کردنی ڕاگەیاندن تاکو ڕۆڵی خۆی ببینێت) (رسول، هێرش رسوڵ، ٢٠٠٨، ل٦٨). "دیموکراسییەت بەشترین سیستەمە بۆ ڕیزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ کە ئازادی رۆژنامەگەری یەکێکە لەو مافانە. " چونکە لە (سایەی دیموکراسی رۆژنامەگەری دەتوانێت گەشەبکات، وە باشترین ئامرازە بۆ پەیوەندی دروستی نیوان خەڵک و دەسەڵات، چونکە بە هۆی ڕاگەیاندنەوە خەڵک دەتوانن رای خۆیان دەربڕن و خواست و ویستی خۆیان بگەیەنن). (سەعدی، ٢٠٠٦، ل٢٨). لەبەر ئەوەی دیموکراتی دامەزراوە لە سەر بنەمای دەسەڵاتی خەڵک، بە ئازادی و یەکسانی، زامنی ماف و سەربەستی تاکە وە چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی یە. (المکاوی، ١٩٨١، ص٣٣).

ئازادی ڕاگەیاندن "پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دیموکراتییەتی کۆمەڵگاوە هەیە، کە ئەرکی ڕاگەیاندنە هاوڵاتیان چالاک بکات و لایەنکی کاریگەرو باش لە دیالۆک پیک بهێنێت لە گەڵ سیستەمە دیموکراسیەکان". (عارف، ٢٠٠١، ل٦). "هیچ مافێکی ڕەها نییە تاکو ئازادی رۆژنامەگەری ڕەها بێت، بەڵکو لە ڕوانگەی ئەخلاقی پیشەو داب و نەریت و بەرژەوەندییە باڵاکانی هەر کۆمەڵێک سنور بۆ ئەو ئازادییە دانراوە دەبیت رۆژنامەنووس پابەندیان بیت". (سەعدی ، ٢٠٠٤، ل٨).

لەکتێبی نەریتی رۆژنامەوانی فریبا سەیاد، و د.علی ئەکبەر باس لە سیستەمی ئازادی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە دەکات کە بەشێوەیەکی گشتی پرەنسیپی سیستەمی ئازادی چاپەمەنی و سەرجەم ماس میدیاکان لەخۆرئاوا، لەسەر سێ بنچینەی بنەڕەتی ڕاوەستاوە: یەکەمین بنچینە کە ڕەهەندێکی یاسایی هەیە بریتی بوو لە ئازادی هەڵسوڕانی چاپەمەنی لەسەربنەمای فەرمانڕەوایی یاسا.

دووەم: دەقە بنچینەییەکە بریتییە لە ژمارەی ئەو چاپەمەنیانەی کە لەبنچینەی مافەکانی ئازادی بڵاوکردنەوەو سەرچاوە دەگرن، لەڕاستیدا لەسەر بنەمای بەدیبنیەکی گشتی دەربارەی چالاکییەکانی ئامرازەکانی پەیوەندی و بۆ ڕێگەگرتن لەمۆنۆپۆلکردنی زانیاریی و هەواڵەکانەو بەپێویستی دەزانێت بگۆڕین بۆ پەیامێکی پرۆپاگەندەیی بەرفراون و فرە چەشنی سەرچاوەکان و ئامرازەکان و پەیامە هەواڵییەکان.

سییەم: بابەت گەرایی و بێلایەنی و سەربەخۆیی چاپەمەنی و ماس مییاکانی دیکە لەخۆ دەگرێت. ئەمبنچینەیە ڕەهەندێکی پرۆفیشیناڵی هەیە و دوای جەنگی جیهانی یەکەم بۆ پوچەڵکردنەوەی دەرەنجامە نیگەتیڤەکانی رۆژنامەوانی جەنجاڵی (چاپەمەنی زەرد، چاپەمەنی وروژینەر، پڕ لەباق و بریق، بازاری وکەم ناوەخن). لەلایەن ڕێکخراوەکانی و ئەنجومەنەکانی چاپ و پەخشکردنی چاپەمەمەنییەکان و هەندێ لەسەندیکاکان و یەکێتییە رۆژنامەوانییەکانی خۆرئاواوە، لەچوارچێوەی پرەنسیپی ئێتیکی شەرەفی پیشەییانەی رۆژنامەنووس پەرەی پیدراوە. (فریبا سەیاد، فەرەهەنگی، د.علی ئەکبەر، نەریتی رۆژنامەوانی و.کارزان محمد، ٢٠٠٦، ل٣٠٢).

## ٥- ئێتیک و ریکلام:

ڕیکلام (لە سەر ئاستی نیشتمانیی لەلایەن ئاژانسێکەوە ئامادەدەکرێت، بەڵام ڕیکلامە لۆکاڵیەکان لەوانەیە لەلایەن کەسی بانگەشەکەرەوە بەرهەم بهێنرێت. فرۆشگە گەورەکان و هەندێک جاریش کۆگای خواردەمەنیەکان لەوانەیە بەشی تایبەتی ڕاگەیاندنیان سەبارەت بە ڕیکلامکردن هەبێت). (مالێتی، ٢٠٠٣، ل١٣١).

یەکەم: ئەو بنەمایانە مەبەست لێی وەدەستهێنانی متمانەی جەماوەرە لە ڕیکلام:

– ڕاستگۆیی لە مادده ڕیکلامیەکان.

– تایبەتمەندی کەرەستەکان ونرخیان.

– خزمەتگوزاریەکانی هاوشانی کەلوپەلەکانن وەک خزمەتگوزاری گەیاندن وسیانەکردن، گۆڕینەوە.

– ئەو ڕیکلامەی پەیوەستە بە نەخۆشەوە نابێت گرەنتی چارەسەری تەواو بدرێت بە نەخۆش.

– نابێت ڕیکلام بۆ کاری سحربازی و بەخت خوێندنەوە بەکرێت.

دووەم: ئەو بنەمایانەی پەیوەندی نیوان ڕیکلامکاران ڕێکدەخەن پێویستە بەرهەمهێنەرو خاوەن کۆمپانیاکان لە سەر دابشکردنی ناوی مارکە بازرگانیەکان ڕێکەون کە لێک نزیکن.

سێیەم: ئەو بنەمایانە پەیوەستن بە ئاژانسەکانی ڕیکلام کردن هۆکانی ڕاگەیاندن: سێ لایەنی سەرەکی ڕۆڵ دەبینیت کە بریتیە لە:

– مافی لایەنی ڕیکلامکار، وەرگرتنی زانیاری پێویست لەو دەزگای ڕاگەیاندنی کە ڕیکلامەکەی تیدابڵاودەکاتەوە وەک: کات و شوێنی بڵاوکردنەوەی ڕیکلامەکان، ئاست و سروشت و جۆری جەماوەرەی دەزگاکە.

– پێویستە دەزگا ڕۆژنامەوانی و ئاژانسەکانی ریکلام بە ئەخلاقەوە ڕکابەری ڕاکێشانی بەرهەمهێنەر و کۆمپانیاکان بکەن، ململانێیان لە سەر حسابی وەلاوەنانی بنەمای ئێتیکیەکانی ڕیکلام نەبێت.

ـــ ڕۆژنامەنووسان نابێ بواری ئەوە بدەن کە خاوەن ئاگاداری و ڕیکلامەکان بەرێوەبەرانی نووسین و سەنووسەرەکان بخەنە ژێرکاریگەرییەوە، جا ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ. (ڕۆژنامەنووس، ٢٠٠٧، ژ،١٠، ل١٢٦).

ئەو نوسینانەی لە سەر کاڵا دادندرێن، پێویستە بەو زمانە بێت کەدانیشتوان پێی دەنووسن و قسەی پیدەکەن، ئەو بەرهەمانەی بۆ کوردستانی دێن پێویستە لە سەر هەموویان بە تایبەتیش: خوردن و دەرمان بە زمانی کوردی بنوسرێ، ئەگەر لایەنی ئێتیکی ئەم کێشەیە چارە سەرنەکات پێویستە بە یاسا ڕێکبخرێت. (سەپان، ٢٠١٤، ل٢٦).

د. سامان جلال لە کتێبی (ڕیکلام لە ڕاگەیاندنی کوردیدا) باس لە ژمارەیەک ڕەخنە دەکات کە ئاراستەی ریکلام دەکرێن بریتین لە: (جلال، ٢٠١٩، ل٦٤).

1 - ڕیکلام تێ چوونی بەرهەمی کاڵا زیاتر دەکات.

2 - هەندێک ڕیکلام بەبێ ئەوەی هیچ سوودێک بە کۆمەڵ بگەیەنێت تێدەپەڕێت، چونکە بانگەشەکەران تەنها لە بەرامبەر یەکتر و بۆ یەکتر ئەنجامی دەدەن و بڵاوی دەکەنەوە.

3 - بانگەشەکران هۆیەکانی بڵاوکردنەوە بە کاردەهێنن بۆ بەرژەوەندییەکانیان.

4 - زۆرجار ریکلام هەنگاو بۆ مەبەستەکانی دەنێت، بەبێ ئاراستەیەکی عەقڵی و مەنتقی.

5 - ڕیکلام زۆرجار ئارەزووی ڕاستەقینەی خەڵک دابین ناکات.

6 - زۆربەی ڕیکلامەکان شێوەو ئاراستەی پروپاگەندەییان هەیە، ئەمە لە ڕێگەی زیادەڕۆیی یان درۆکردن لە زانیارییەکاندا زیاتر دەردەکەوێت.

## ٦- ڕۆژنامەگەری زەرد:

پرێسی زەرد "(*Yellow press*) یان تابلۆید. بە ڕۆژنامەگەری زەرد، ڕاگەیاندن یان میدیای زەردیش بە ناوبانگە. جیاوازی ڕاگەیاندنی کلاسیک لەگەڵ پرێسی زەرد لە ناوەڕۆکی بابەت، چۆنێتی داڕشتنی تێکست، دانانی سەردێر، وێنە، هەڵبژاردنی بابەت، گوتار ونەخشەسازی تایبەتە، بۆ ئەوەی زۆرترین دانەی و ژمارەی لێبفرۆشترێ و تیراژی ڕۆژنامە یان ئەو گۆڤارە بەرزبکرێتەوە". (سەپان، ٢٠١٤، ل٥٤).

ڕۆژنامە نووسی زەرد (الصحافة الصفراء)، (*Yellow journalism*) زاراوەیەکە بەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەگوترێت، کە تایبەتمەندیەتییان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی وروژێنەر وەرگرتووە. (رسول، ٢٠١٣، ل١٧٨). ڕۆژنامەگەری زەرد، وێرنکەری گروپ یان کۆمەڵگایە لە ئاراستەکردن و ناوەڕۆکیدا، پرێسی زەرد بەمانای "ڕۆژنامەگەری سێکسی و وروژاندن و تاوان" دێت، هەروەها هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی هێزی ڕاگەیاندن بۆ بەدیهێنانی ئامانجی خۆی یان چەسپاندن و فەرزکردن دوور لە ڕەچاو کردنی دیسپلینی ئێتیک. (المشاقبة، ٢٠١٢، ص١٠٠). ڕۆژنامەگەری زەرد یان ڕۆژنامەگەری ورژاندن، ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەریە مێژوویەکی هەیە لە ئەمریکا. کە هەردوو ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی بولتزر، (*J.pulizer*) و هیرست (*W.R.Hearst*)، بوون بە ڕکابەری گەورەی ڕۆژنامەوانی لە شاری نیویورک. (بولتزر) ڕۆژنامەی (*The world New-york*) ی کڕی، (هیرست) ڕۆژنامەی (*The Journal New-york*)ی کڕی، لە نێوان ساڵەکانی(١٨٩٣-١٨٩٥). (حمزة، ١٩٦٠، ص١١٥).

"جۆزیف بولیتزر""بە پیشەنگی یەکەمین دادەندریت لە دانانی ڕۆژنامەی زەرد، بە سەرجەم تایبەتمەندی و ڕواڵەتەکانیەوە، بۆ یەکەم جار لە چاپی یەک شەمەوانی ڕۆژنامەی "الوورلد" ی بۆلیتزر کە بریتی بوو لە وینەی کاریکاتێری پاڵەوانە سەرەکیەکەی منداڵێکی لاوازی بێ ددانی کە کراسیکی شۆڕی زەردێکی تەڵخی لە بەردابوو، بە پێی زۆربەی بۆچونەکان خاوەنی وێنەکە هونەرمەند (ڕیتشارد ئەنکۆلن) بوو". (سلێمان، ٢٠١٣، ل٧٧).

"کۆمەڵێک ڕاو بۆچوون لە سەر ناوی پرێسی زەرد هەیە و لایەنێک لەو بڕوایەدایە، لە ڕەنگی کاغەزی زەردی ڕۆژنامە پەیدابووە، لایەنی دیکە لەو بڕوایەدان، پرێسی زەرد لە هەبوونی گرژی لە نیوان دوو سەر نووسەر و خاوەنی ڕۆژنامە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە لە سەرچیرۆکی منداڵە زەردەکە دەستپێدەکات. ". (سەپان، ٢٠١٤، ل٥٥).

کۆمەڵیک فاکتەری گرنگ هەبوو بۆ ئەوەی پریسی زەرد لە دایک بێ، وەک: پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، ئاسانی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان، ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان بۆ شوێنی پێویست، بەرزبونەوەی ڕێژەی خوێندەواری، بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و توانای کڕینی ڕژنامە و گۆڤار، نزمی نرخی ڕۆژنامە، گەشانەوەو پێشوە چوونی لیبرالیزم. (سەپان، ٢٠١٤، ل٥٥).

**خەسلە تەکانی پرێسی زەرد:**

خەسڵەتەکانی پرێسی زەرد بریتیە لە: ( سەپان، ٢٠١٤، ل٥٦).

– زیاتر باس لە بابەتەکانی قەدەغەو نامۆ دەکات.

– ڕەخنەی توند لە دەسەڵات و حکومەت و کەسانی ناوداری دەگرێت و بڵاودەکاتەوە.

– باس لە ژیانی تایبەتی خەلک دەکات و زۆربەی جاریش تێکەتیفانە ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنێت.

– دەکرێ لە یەک لاپەڕە مەتریاڵی پێکەنیناوی و تراگیدیا بەرچاو بکەوێت. جگە لەوە ڕووشدەدات، لە هەمان نووسین یان بابەت تراگیدیا یان پێکەنینی تێدا بێت.

– بە شێوەی گاڵتەجاڕی و توند و ڕەخنەگرانە باس لە ژیانی تایبەت دەکا.

## باسی سێیەم: ئێتیک و قۆناغەکانی گەشەکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی:

### ١- ئێتیکی ڕۆژنامەگەری کوردی لە سەردەمی دەسەلاتی شێخ محمود:

پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەم، نەخشەی ناوچەکە گۆڕاو، چەند دەوڵەتی تازە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دروست بوون، ئەو هەلومەرجە وای کرد یەکەمین حکومەتی کوردی بە سەرپەرشتی شێخ محموود لە سلێمانی دابمەزرێت. بۆ پشتیوانی لە حکومەتەکە، لە سەر دەستی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و ڕوناکبیران چەند ڕۆژنامەیەک لە سلێمانی دەرچوون لەوانە: ڕۆژنامەی بانگی کوردستان لە ١٩٢٢ دەرچووە. لە چاپخانەی حکومەت لە سلێمانی چاپ دەکرا، ئەوەی مایەی سەرنجە ڕۆژنامەی بانگی کوردستان، ڕۆژنامەیەکی: "عیلمی، ئیجتماعی، ئەدەبی، غەزەتەیەکە حورو سەربەستی میللییە" بەهیچ شێوەیەک ناڵێت سیاسیە، کەچی هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکە بە سەرووتارو ناوەڕۆکەکەی سیاسییە، ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان: وەک ئۆرگانی ئیدارەی دووەمی شێخ محمود، یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە ١٩٢٢/١١/١٥دەرچووە. دوای ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان، ڕۆژنامەی بانگی حەق دەرچووە: (بانگی حەق، ژ١، ١٩٢٣، ل١). ڕۆژنامەکانی ژێر دەسەلاتی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، پابەند بوونە بە ئێتیکی ڕۆژنامەگەری بە هۆی ئەوەی، تاوتوێی بەرهەمی نوسەرەکانی کراوە، لە سەر شیاوی بڵاوکردنەوەی یان نەکردنەوەی.

### ٢- ئێتیکی ڕۆژنامەگەری کوردی لە سەردەمی پاشایەتی دوای شۆڕشی ١٩٥٨:

یەکێک لەو ڕۆژنامەنە کە گرنگی خۆی هەیە لە ناو ڕۆژنامەگەری کوردی، ڕۆژنامەی ژیانەوە بوو: ئابی ١٩٢٤زایینی لە ٤ لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە، (ژیانەوە، ژ.١ ساڵی ١، ١٩٢٤، ل١). لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامەی ژیانەوە سیاسەت و کارو بەرنامەکانی ئینگلیز ڕەنگیان داوەتەوە، هێرشی دەکردە سەر شێخ مەحمود و شۆڕشەکەی، لە بەرامبەردا ڕۆژنامەکە زۆر ستایشی سیاسەتی بریتانیای کردووە.

ڕۆژنامەگەری کوردی لە دوایی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨: لەو قۆناغەدا کەشوهەوایەکی ئازادانە هاتە ئاراوە شۆڕشی ١٤ی تەمموز دەرگای بۆ پارتە سیاسیەکان کردەوە کە بە ئاشکراو بە ئازادی کاری حزبی خۆیان بکەن، لەو قۆناغە ڕۆژنامەی سیاسی پارتەکان گەشەیان سەند، وەک: ڕۆژنامەی (خەبات) کە زمان حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، هەروەها ڕۆژنامەی ئازادی (الحرية) کە زمان حاڵی حزبی شوعی عێراقی لقی کوردستان بوو. خاوەندارێتی ڕۆژنامەکان پارتە سیاسیەکان بوون و ناوەڕۆکی بابەتەکانیان بەرگری بوو لە پارتەکانیان و ناوەڕۆکیان جدی بووە. بە ڕەچاوکردنی ئێتیکی ڕاگەیاندن ووتارو هەواڵەکانیان پێشکەش بە خوێنەرانیان کردووە، لە کوردستان و عێراق..

### ٣-ئێتیکی ڕۆژنامەگەری کوردی لە قۆناغی شۆڕشی چەکداری لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦١بۆ ١٩٩٠:

بە هۆی بەردەوامی شۆڕشەکانی کورد لە شاخ و بۆ ناساندنی خۆیان و ناوەڕۆکی بیروڕاکانیان و کارو چالاکیەکانیان لەو ماوەیەدا دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار بڵاوکراوەتەوە. ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانە، خاوەندارێتیان دەگەڕایەوە بۆ حزب، ئەو دیاردەی بە حزبی بوونی ڕۆژنامەگەری کوردی زیاتر لە گەڵ دروست بوونی شۆڕشی ئەیلول سەریهەڵدا و هاتەکایەوە. لەو ڕۆژنامانە (ڕۆژنامەی خەبات) لە کۆتایی ساڵی١٩٦٢دا کە بارەگای خۆی بردە ناوچە ڕزگارکراوەکان لە ناحیەی ماوەت "ئەشکەوتە ڕەش" لە شاخی گردەڕەش). (ئیسماعیل، ٢٠٠١، ل١٣٣). ناوەڕۆکی بابەتەکانی باسی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و ئەو پیلانگێڕیەی ڕژێمی بەعسی عێراقی بووە بە هەرەسپێهێنانی شۆڕشی ئەیلول و بە گشتی چالاکی و کارەکانی حزبی و پێشمەرگانە بوو. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ زیاتر گرنگی دراوە بە ڕۆژنامەگەری کوردی، بە هۆی زۆر بوونی حزبەکان لە شاخ و لە شۆڕشدا، یەکەمین بڵاوکراوەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستانە) (ڕێبازی نوێ)یە: کە بە زمانی کوردی دەرچووبێت، ژمارە ١ی لە کانوونی ١٩٧٦دەرچووە

### ٤-ئێتیکی ڕۆژنامەگەری کوردی لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١:

لە ماوەیەکی کورت لە سایەی ئازادی هەرێمی کوردستان، دەیان ڕۆژنامەو گۆڤاری حزبی و حکومی و ئەهلی، وە هەروەها ڕۆژنامەو گۆڤاری تایبەتمەند هاتنە کایەوە و چاپکران وبڵاوکرانەوە. لەوانە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) یەکەمین ڕۆژنامەیە، کەداوایی مۆڵەتی دەرکردنی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووەو وەزارەتیش مۆڵەتی ژمارە یەکی بە ڕۆژنامەکە داوە، لە مانگی کانوونی ساڵی ١٩٩٢ تا ڕۆژی ١٩٩٦/٨/٣١ ئۆفیسی سەرەکی لە هەولێر بوو، لەدوای ئەو مێژووەوە ئۆفیسی سەرەکی لە شاری سلێمانیە و لە شارەکانی تریش نوسینگەی هەیە. (عەلی، ٢٠١٧، ل٤٩). ڕۆژنامەی (برایەتی) لە ساڵی ١٩٩٣دا وەک ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەرچووە. هەردوو ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و ڕۆژنامەی (برایەتی)، موڵکی دوو حزبی سەرەکی کوردستان بوون. ئەو دوو ڕۆژنامەیە ڕۆژانە بە چاپی جوان دەردەچوون، وە بەگشتی خوێنەری زۆریان هەبوو، بە هۆی تێنوێتی خەڵک بۆ زانینی هەواڵ و زانیاریەکان، ڕۆژنامەکان ئەو کاتی بە پارە دەفرۆشان، بە هۆی ململانی سیاسیەکانەوە کە لە ڕۆژنامەکان ڕەنگیان دەدایە، هێواش هێواش ڕۆژنامەنووسەکانیش دابەش دەبوون، بە سەر دووبەری دژ بەیەکتر، ئەوەش وای

کرد پێشلی هەموو بەهایەکی ڕۆژنامەگەری بکەن و هیچ پابەندیەکیان بە ئێتیکی ڕۆژنامەگەریەوە نەمینێت و تەواوی سنورەکانی ڕەوشت ببەزێنن. بە تایبەتی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ، جوێن و قسەی ناشرین ئاڕاستەی یەکترو شەهیدەکانیش کراوە. پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ، جۆرێک لە ئارامی و دوبارە دروست بوونەوەی یەک ئیدارە هاتەکایەوە، ڕۆژنامە حزبیەکانیش بە ئاڕاستەیەکی باشتر هەنگاویان دەناو ڕۆژنامەنووسەکان هەوڵیان دەدا ئاسەواری شەڕی ناوخۆ بسڕنەوە، لە دوایی ئەوە قۆناغێکی تازە هاتەکایەوە کە بە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری کوردی ئەهلیی دادەندرێت، ئەمەش بە سوود بینین بوو لەو ئازادییەی کە لە هەرێمی کوردستان هەبوو، بە تایبەتی لە شاری سلێمانی، لە دایک بوونی یەکەم ڕۆژنامەی ئەهلی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) بوو، پاشان ڕۆژنامەی (ئاوێنە). هەرچەندە دەرچوونی ئەو ڕۆژنامانە بێ گیروگرفت نەبووە، بەڵام ئەوانیش نەیانتوانی ببنە دەسپێکێکی باش و جوانی ڕۆژنامەگەری ئازاد، یان ڕۆڵی پرێسی زەردببینن. (سەپان، ٢٠١٥،ل٧١،٧٠).

## باسی چوارەم: ڕۆژنامەنووسان وپابەند بوونیان بە ئێتیکی ڕاگەیاندن:

### ١- ئێتیک وپیشەی ڕۆژنامەنووس:

وەک زاراوە ڕۆژنامەنووس یان "ژۆرنالیست" کە ووشەیەکی فەرەنسیە و *(journaliste )* مەبەست لە کەسێکە، کە پیشەی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی مەتریالە بۆ میدیا و ئەو میدیایانەش دەکرێت: ڕۆژنامە، ڕادیۆی و تەلەفیزیۆن یان ماڵپەڕی ئەینتەرنێت بێت" (سەپان، ٢٠١٥، ل٨٣). ڕۆژنامەنووس وەک چەمکێکی دیکەی زانستی مرۆیی، پێناسەو ناساندنی جێگیرو چەسپاوی نیە، بەڵام بەگشتی بە هەموو ئەو کەسانە دەگوترێ ڕۆژنامەوان، کە لە کەناڵە جۆراو جۆرەکانی ڕاگەیاندن (چاپکراو، بیستراو، بینراو، ئۆنلاین)دا کار دەکەن ئەگەرچی بەپێی جۆری کارکەیان، هەڵگری ناسنامەی تایبەتمەندترن وەک: (پەیامنێر، بێژەر، ئامادەکاری بەرنامە، پیشکەش کار، کامیرەمان، هەواڵ ساز). (کامیل عومەر سلێمان، ٢٠١٣، ل٧٠).

زۆر جار ڕۆژنامەنووس هەن وەک: "ڕۆژنامەنوسی سیاسی، وەرزشی، پەیامنێری دەرەوە، هەواڵنووس.....زۆر ڕۆژنامەنووسیش لە ناو خەڵک دیارنین و ناچنە دەرەوە، چونکە کاری ئەوان لە پشت مێزە و پێداچوونەوەی تێکستەکانە و داڕشتنەوەیەتی". وە "ڕۆژنامەنووس دەکرێ لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن کار بکا و مووچەی دیاری کراو بەرامبەر بە نووسین یان بەرهەمی وەربگرێ یانیش وەک (فریلانس) کاربکا".(سەپان، ٢٠١٥، ل٨٤). کەسیک کە هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵەکان لە سەرچاوەو شوێنە جیاوازەکان، دواتر نوسینەوەو داڕشتنەوەی لە چوارچێوەیەکی ڕۆژنامەوانی شیاو بۆ بڵاوکردنەوە، جا ئەم هەواڵانە لۆکاڵی بن یان نشتیمانی یان نێودوڵەتی بە لای کێشەی سیاسی، ئابوری، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، وەرزشی یان هەر بواریکی دیکە لەم هەواڵ و زانیاریانە دا بچێت، دەخرێنە ڕوو کەلای خوێنەر گرنگە. (بقدوری، ٢٠١٧، ص٥٨).

کاری ڕۆژنامەنووس کۆکردنەوە و نیشاندان و کارکردن لە سەر مەتریالی خام و داڕشتنەوەی نووسین و بڵاوکردنەوەیەتی لە پرێس یان لە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت، ئەو ڕووداو یان بابەتانەی ڕۆژنامەنووس دەینووسێ، لە ڕاستیدا ڕوویانداوە و پرسیاری پێویست و ئەکتوێلن، کە شیکردنەوەیان بۆ جەماوەر پێویستە بۆ ئەوەی خەڵک باشتر لەو بابەتە بگا. ڕۆژنامەنووس بە هۆی پیشەی خۆی و ئەزموونی زۆری لەو کارە، دەزانێ چ بابەتێک پێویستە لە سەری بنوسرێ و هەڵوەستەی لەسەر بکرێ". (سەپان، ٢٠١٥، ل٨٤). ڕۆژنامەنووس دەبیت ڕێز لەپیشەکە بگریت و بەو ئاڕاستەیە کار بکات کەبەرپرسیارە بەرامبەر بەخەڵک، چونکە ڕۆژنامەنووسی ئەگەر گرنگی دابە راستگۆی و بابەتی بوون،' وە سەربەخۆ بوو، دەبیتە جیگای متمانەی جەماوەر.

### ٢- ڕۆژنامەنووسی کورد و پابەند بوونیان بە ئێتیکی ڕاگەیاندن لە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١:

پیش ڕاپەڕین ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووس خراپ بوو چونکە ڕاگەیاندنی ئازاد نەبوو، هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە خزمەتی ڕژێم و تاکە حزب دابوون. هەرچەندە ژمارەیەک ڕۆژنامە بەزمانی کوردی دەردەچوون، هەندێک ڕۆژنامەنووس توانیان لەرێگای بەکارهێنانی رەمز و دەلالەت لە شیعرو چیرۆک و نووسینەکانیان شۆڕشێک بەرپا بکەن، لەو کاتە هیچ ڕۆژنامەنووسیک نەبوو خاوەنی بیروڕاو چالاکی و بوێری خۆی بێت، ئەگەر ئەوەشی بکردایە بێ سەرو شوێن دەکرا، لەو کاتە کۆلیژی ڕاگەیاندن لە بغدا هەبوو، سەرەتا چەند خوێندکارێکی کورد وەرگیران، بەڵام پاشان بڕیارێک دەرچوو بە هیچ شێوەیەک کورد لەو کۆڵێژە وەرنەگیرا.. (ڕۆژنامەنووس، ژ.٤، ٢٠٠٥، ل١٢٠).

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان بەشداری شۆڕشی کوردستانیان کردوە بابەتەکانیان بەو پەڕی ئازادی بڵاوکراوەتەوە، بەشێک لە ژێرناوی خوازراو بابەتە ڕۆژنامەوانیەکانیان بڵاوکراوەتەوە. هەوڵدراوە پەیڕەوی ئێتیکی ڕاگەیاندن بکرێت بۆ ئەو مەبەستە بەیاننامەی (یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) لەشاخ دەرچووە لە ٢٢ی گوڵانی ١٩٨٤، لەلایەن کۆمەڵیک ڕۆژنامە نووسی پێشمەرگەو وە هەندێک لە ڕۆژنامەنووسانی ناو شارەکان. لە نامیلکەیەک کۆکراوەتەوە و لە یەکێک لە چاپخانەکانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ چاپکراوە). (ڕۆژنامەنوس،ژ١٠، ٢٠٠٧، ل٧٣،٧٢).

بە شێک لە کۆپلەو سەردیرەکانی بەیاننامەکەدا نووسراوە: "جێگەی داخە هۆیەکانی پاشکەوتویی ڕۆژنامەگەری کوردی هەتا ئێستاش هەرماوە"، لە شوێنیکی دیکەی دەڵێت: "دەبا هەمووکار بکەین بۆ دەربازکردنی ڕۆژنامەی کوردی لە زلکاوی بازرگانی کردن بە توانای ڕەنگینی ڕۆژنامەنووسی"، ڕوو دەکاتە ڕۆژنامەنووسان و بە سەنگینیەوە باسیان دەکات و دەنووسێت: "ڕۆژنامەنووسان... هەڵگرانی ئەمانەتی وشەی مولتەزیم". (ڕۆژنامەنووس، ژ١٠، ٢٠٠٧، ل٧١).

ئامانجەکانی (یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) لە شاخ: لە ١٨ خاڵ پیک هاتووە، چەند خاڵێکی گرنگ لە ئامانجەکان ئاماژە پێدەدەین وەک لە خاڵی دووەمیدا هاتووە: کارکردن بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆژنامەگەریەتی کوردی لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە کە ئاستی هونەری ڕۆژنامەنووسی لە ئاستی هونەری ڕۆژنامەنووسی وڵاتە پێشکەووتوەکان دابێت. لە خاڵی دەیەم هاتووە: بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی کەتەنیا سەرچاوەکانیان دەزانرێ و فرێ نەدانی هیچ بەشێکی و قەدەغەکردنی دەست وەردانە بەڵگەنامەکان و چاک کردنەوەی ئەو هەواڵەی کە بە هەڵە بڵاوکراوەتەوە. لە خاڵی یازدەیەمدا نووسیویەتی: دوورکەوتنەوە لە دروستکردنی هەواڵ و خوڵقاندنی و بازدان و هەموو جۆرە تاوان بارکردنێک کە لە ڕاستیەوە دوورەو مسۆگەر کردنی مافی جەماوەر لە ئاگاداربوونی لە دەنگ و باسە ڕاستەکان. (ڕۆژنامەنووس، ژ٢٠٠٧،١٠، ل٧٣،٧٤).

جگە لە ڕۆژنامەی خەبات لە ١٩٦٢ دەیان ڕۆژنامەو گۆڤار لە لایەن ڕاگەیاندنی (پارتی دیموکراتی کوردستان)وە دەرچوونە لەوانە (ئاسۆی کورد، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەریان کردوە، هەواڵی کوردستان ١٩٦٥، گۆڤار لقی یەکێتی

قوتابیانی کوردستانی عێراق لە ١٩٦٧ دەریان کردووە، خەباتی لاوان لە ١٩٧٥ دەرچووە) ناوەڕۆکی نووسینەکانیان، باس لە چالاکی پێشمەرگەو بابەتی جۆشدانی کوردایەتی تیدا هاتووە، ڕەچاوی پیشەیی ڕۆژنامەوانی و ئاکاری جوانی تیداکراوە. (ڕۆژنامەنووس،ژ٢، ٢٠٠٤، ل١١٠، ١١١).

**٣- ماف و ئەرکی ڕۆژنامەنووسان لەنێوان ئێتیک و یاسا لە هەرێمی کوردستان:**

ڤۆرۆشیلۆڤ ڤ.ڤ پرۆفیسۆر لە راگەیاندن لە فاکولتێتی ڕۆژنامەوانی سانکت پیتربۆرگ، لە کتێبە بەنرخەکەی بەناوی (ڕۆژنامەوانی) دەنووسێ: "سەرکەوتن و بەرهەمی باشی ڕۆژنامەنووسان، پەیوەندی زۆری بە هەبوونی زانیاری تێر لەسەر یاسا و تێگەیشتن لە ئێتیکی پیشە هەیە". یاسای ڕاگەیاندن "لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیایە، ئەو یاسایەی بۆ وڵاتی فەرەنسا دەنگونجێ لەوانەیە بۆ کوردستان باش نەبێت، لەگەڵ ئەوەش هەبوونی یاسا بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە پێشکەوتن و ئاستی هەبوونی دیموکراتییەت لەو وڵاتەوە هەیە". (سەپان، ٢٠١٥، ل٣٢،٣٣).

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١کاری ڕۆژنامەنووسی پێینایە قۆناغێکی تازەوە، چ لە ڕووی چەندایەتی و چ لە ڕووی چۆنایەتییەوە، سەرەڕای نەبوونی سانسۆر بە پێی یاسای ژمارە (١٠)ی چاپەمەنی ساڵی ١٩٩٣ی پەرلەمانی کوردستان کە تارادەیەکی گەورە بواری کاری ڕۆژنامەنووسی فراوان و پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینی. (ڕۆژنامەنووس، ژ١٦، ٢٠٠٩، ل١٣٧). چەند یاسایەک لە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچون وەک: (یاسای کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق) و (یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨) و (یاسای سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠١) دەرچووە. (سعدی، ٢٠٠٥، ل٤٣).

وە دەرکردنی (یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ی یاسای ڕۆژنامەگەری کوردستان). لە بەشی چوارەم و ماددەی حەوتەم ماف و ئیمتیازاتەکانی ڕۆژنامەنووس دیاری کراوە دووخاڵی لە مافەکان دەخەینە ڕوو یەکەم: ڕۆژنامەنووس سەربەخۆیەو لە بە جێهێنانی ئەرکە پیشەیەکەی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نییە جگە لە دەسەڵاتی یاسا. دووەم: نابێ ئەو ڕاوبۆچوونەی کەلەلای ڕۆژنامەنووس دەردەچێ، یان ئەو زانیارییانەی کە بڵاویان دەکاتەوە ببنە هۆی تێکدانی باری ژیانی، یان زیان بە خۆی و مافەکانی بگەیەنێ. (یاسای میدیایی، ٢٠١٩، ل١٧).

وە لە ماددەی ٩ی ئەم یاسایە سزای غرامەکردن داندراوە بۆڕۆژنامەنووس و سەرنووسەر ئەگەر یەکێک لەو خاڵانەی بڵاوکردەوە: ( چاندنی تۆی رق و کینە، سوکایەتی کردن بە بیروڕا و ڕێو ڕەسمیە ئایینەکان، سوکاییەتی بە سیمبوڵ و پیرۆزیەکانی هەر ئاین وئایین زایەک، هەر بابەتێک پەیوەندی هەبێت بە ژیانی تایبەتی تاکەوە، جنێودان و توانجی نارەوا و ناو زڕاندن، هەربابەتیک زیان بە ڕیکاری لێکۆڵینەوەو دادوەری بگەیەنێت، پێشێل کردنی پرنسیپەکانی بەڵێننامەی (میثاق شەرف)ی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ساڵی (١٩٥٤). (یاسای میدیایی، ٢٠١٩، ل٢٠). هەرچەندە ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام لەکەم و کورتی بەدەر نییە، چارەسەری کێشەی ڕۆژنامەنووسان ناکات، بۆیە حاکمەکان ناچارن هانا وەبەر یاسای ئێراقی ببەن و ڕۆژنامەنووسانی پێ سزابدەن.

یاسایەکی دیکە کە بە یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری ناسراوە لە هەرێمی کوردستان بە (ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٣) لە پەرلەمانی کوردستان بە پێنج بەش کە لە ٢٢ مادده پێک هاتووە دەرچووە. ئەم یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری، ئەرکی پیادەکردن و جێبەجێ کردنی سپێردراوە بە دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، تا ئێستا وەک لە بڕگە و ماددەکانی یاساکەدا هاتووە نەکەوتۆتە بواری جیبەجێ کردن. ئەمانجەکانی ئەم یاسایە کە لەماددەی دووی یاساکە هاتووە دەڵێت: (بەیاسایی کردنی میدیا، ٢٠١٩، ل٢٧).

یەکەم: توانادارکردن و ئاسانکاری کردن بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کە پاراکتیزی مافی خۆیان بۆ بە دەستهێنانی زانیاری بکەن کە لە لایەن دام و دەزگاکای گشتی و تایبەتیەکاندا هەیە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دووەم: پشتگیری کردنی پرەنسیپەکانی شفافیەت و بەشداری کارا بۆ چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراتی.

سێیەم: دابین کردنی کەشێکی لە بارتر بۆ ئازادی ڕادەربڕین و پەخش و بڵاوکردنەوە.

**٤-پەیماننامەی شەرەف و ڕۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستاندا:**

ئەو پەیماننامەنەی ڕۆژنامەنووسان، لە نێوان خۆیان دەینووسن لە پێناو ڕاگەیاندنێکی باش، لە وڵات و نشتیمانی خۆیان، پەیوەندی بە بڕگەو مادده یاساییەکانەوە نیە، بەڵکو کارێکی ئێتیکی و پیشەییە، لە هەرێمی کوردستانیش چەند هەوڵێک لە لایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، دراوە بۆ ئەم مەبەستە. لەگەڵ ئەوەشدا "تەبەنی کردنی پەیماننامەی فیدراسۆنی نێو دەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان بەسە بۆ بونی پەیماننامەیەک بۆ ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە ڕاستە ئەو پەیماننامەیە بە ئەندازەیەک و بە شیوەیەکی گشتی تێرو تەسەل و گونجاوە، بەڵام هەندێ خاڵی گشتی لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی گەڵاڵەکراون بۆ بوونی بەڵگەنامەیەکی لەو جۆرە بۆ کۆمەڵگایەکی خاوەن کلتورو بەهای تایبەتی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندێتی خۆی بەس نیە لەبەر ئەوەی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردی لە پەیماننامەکە ڕەنگیان نەداوەتەوە". (خەبات، ژ.٣٣٠٥، ٢٠٠٩، ل٥). پەیماننامەی ئێتیکی بۆ هەر پیشەیەک، ڕێسا گەلێکی ڕێنماییکارە بۆ پەیڕەوکردنی پیشەکە. بۆ بەرز ڕاگرتنی وەک نمونەیەکی باڵاو پشتگیریکردنی پەیامەکەی سەرباری گرنگیەکەی لە دیاریکردن پەیرەوکردنی ئەولەویاتەکانی ناو پیشەیەکی دیاریکراو، پابەند بوون تاکە ڕێگایە بۆ حوکم لەسەر پیشەیەکی دیاریکراو و رفتاری ئەندامانی ئەو پیشەیە بەرامبەری، هەروەها پاراستنی بەهای متمانەو ڕێزگرتن و لێهاتویی و ئابڕۆ. (خەبات، ژ.٣٣٠٥، ٢٠٠٩، ل٥).

گرنگترین پەیماننامەکانی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی، بەم خاڵانەی خوارەوە دەست پێدەکات:

یەکەم: پاراستنی جەماوەر لە بەکاهینانی نابەرپرسیارانەی ڕۆژنامەنووسی، ئەمەش بەکارهێنانی بۆ مەبەستی پروپاگەندەو چەواشەکردن و خەڵەتاندنی میدیایی دەگریتەوە.

دووەم: پاراستنی ڕۆژنامەنووسان خۆیان لە ناچارکردنیان لە سەر کارکردن بە شێوازە نابەرسیارەکان، یان بە ڕیگایەک ناکۆک بێت لەگەڵ ئەوەی ویژدانیان پێیان دەڵێت.

سێیەم: پاراستنی مافی ڕۆژنامەنووسی لە گەیشتن بە هەموو جۆرەکانی زانیاری لە سەرچاوەکانیانەوەو بڵاوکردنەوەیان، جگە لەو زانیارانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە کاروباری بەرگری و ئاسایشی نەتەوەییەوە پەیوستن.

لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵێننامەی شەرف دەرچووە کە هەر بەڵێننامەی شەرەفی فیدراسۆنی نێودەولەتیی ڕۆژنامەنووسانە کە کراوەتە"پاشکۆ"ی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧.کە بەم شێوەیە هاتووە:

یەکەم "ئەرکی ڕۆژنامەنووس، بریتیە لە ڕێزگرتن لە ڕاستیی و مافی جەماوەر بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان".

دووەم: جەخت دەکاتەوە لە سەر ئەوەی "ڕۆژنامەنووسان لە میانەی بە جێگەیاندنی ئەرکەکانیدا، هەموو کات داکۆکی لە ئازادی دەکەن، ئەویش بە گواستنەوەی ڕاستیی و دروستیی هەواڵەکان و بڵاوکردنەوەیان، هەروەها مافی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتنیان هەیە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.

سێیەم: ڕێگری دەکات لە ڕۆژنامەنووس ئەو هەواڵانە تەنیا بە پێی دڵنیابونی لە سەرچاوەکان بڵاودەکاتەوە و بۆی نییە زانیاری گرنگ بشارێتەوە، یاخود بەڵگەنامەکان بشێوێنێ.

چوارەم: پێویستە ڕۆژنامەنووس بۆ بە دەستخستنی هەواڵ و وێنە و بەڵگەنامە، ڕێگەی دروست و ڕەوا بگرێتە بەر.

پێنجەم: دەبێت ڕۆژنامەنووس ئەوپەڕی توانا و وزەی خۆی بەکاربهێنیت لە پێناو ڕاستکردنەوە و هەموارکردنی ئەو زانیارییانەی بە شێوەیەکی ناڕاست و نادروست بڵاوکراونەتەوە و خراپ و زیانبەخشن.

شەشەم: پێویستە ڕۆژنامەنووس ڕەچاوی پاراستنی نهێنییەکانی پیشەکەی بکات و سەرچاوەی ئەو زانیاریانە بپارێزێت کە داوای لێکراوە نەیدرکێنێ.

حەوتەم: دەبێ ڕۆژنامەنووس هۆشدار بێت لەو مەترسییانەی ڕەنگە لە ئاکامی ئەو جیاکاریی و ناکۆکییانەی بێتە ئاراوە کە لەوانەیە بە هۆی ڕاگەیاندنەوە ڕوبدات، هەروەها هەموو تواناکانی بخاتەگەڕ بۆ ڕێگرتن لەو بانگەشانەی کە لەوانەیە بنەمایەکی ڕەگەزپەرستیی، یان نەژادی، زمان، ئایین، یاخود بیروڕای سیاسی و هەر بیروباوەڕێکی دیکە، یان جیاوازی ناسنامە و بنەچەی کۆمەڵایەتیی هەبێت.

هەشتەم: دەبێ ڕۆژنامەنووس ئەوە باش بزانێ کە هەندێ کارو ڕەفتار، سنوربەزاندنی ترسناکی پیشەکەیەتی، لەوانەیە: ساختەکاری لێکدانەوە بە نیازی خراپ، تانەوتەشەر، تۆمەتی بێ بنەما و بەرتیل وەرگرتن بۆ بڵاوکردنەوەی، یان شاردنەوەی زانیارییەکان.

نۆیەم: ئەو ڕۆژنامەنووسانەی شایستەی ئەو پیشەیەن، پێویستە بڕوایان هەبێت کە ئەرکی ئەوانە ڕەچاوی پاراستنی ئەو پرەنسیپانە بکەن کە باسکراون، ئەوەش لە چوارچێوەی یاسای گشتی هەر وڵاتیکدا.

**٥-گرفتەکانی بەردەم ئێتیکی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان:**

کۆمەڵێک گرفت لەبەردەم ڕۆژنامەگەری کوردی لەهەرێمی کوردستان هەیە وایان کردووە، ڕۆژنامەگەری بەرەو ناپرۆفیشینالێتی بڕوات توێژەر ژمارەیەکیان دەخاتە ڕووە:

**یەکەم: گرفتی پرۆفیشنالی ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان:**

ووشەی "پیشەیی یان (پرۆفیشینالێتی) (ڕەوایی و دەسەڵات بۆ ڕۆژنامەگەری بە دیاری دەهێنێت، چونکە پیشەیی بوون و خزمەتکردن تەواوکەری دوولایەنەی یەکترن). ( سورخی، خەبات، ژ.٣٢٩٩، ٢٠٠٩، ل٥). (ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشنال واتە (الصحفي المحترف) یەکێکە لەو داهێنانەی کە لە بواری ڕۆژنامەنووسی بە تەواوی هەستی پێدەکرێت، ئەمەش وای کردوە ڕۆژنامەنووس مولکی هیچ کەناڵیک نەبێت، بەڵکو تەنها کاریان لەگەڵ دەکات و لە بەرامبەردا پاداشت وەردەگرێت و خۆی نابەستێتەوە بە کەناڵێکی دیاریکراو، بە تایبەتی ئەو ڕۆژنامەنووسە پرۆفیشنال و شارەزاو بە سەلیقانە. (مسعود، پرۆفیشینالی، ٢٠٠٦، ل١٥)، کە تا ئێستا لە ناو ڕۆژنامەنووسی کوردی دەگمەنە. ڕۆژنامەی داگنیس نیهێتەر (*Dagens Nyheter*) کە ژمارە یەکی لە ٢٣ی دیسمبەری ١٨٦٤ لە ستۆکهۆڵم دەرچووە، دەنووسێت: ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشنال (لە پرسی سیاسی و پرسی دیکە بێلایەنن، هەموو ئەو نووسینانەی بڵاودەکرێتەوە دەبێت ڕاست و دروست بن کۆنترۆڵ کراو بێت توند نەبێ ڕەنگدانەوەی چۆنایەتی باش و جێگای بڕوا پیکردن بن). (سەپان،٢٠١٩، ل١٧٥). ئەو بارووودۆخەی ڕۆژنامەگەری کوردی تیدا گوزەر دەکات، لە ئاستێکی نزمی پیوەرەکانی ڕۆژنامەگەری پرۆفیشنالیدایە، بە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی سەربەخۆ نییە و خاوەنداریەتی لە لایەن حزبەکانەوە دەکرێت. لەکاتە گرژیەکان زمانی توند بەکاردێت، گرنگی نادرێت بە ڕاست کردنەوەی هەڵەکان لە کاتی خۆی و بە ڕوونی چاکناکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەی مامەڵەی باش لەگەڵ وێنە و ناودا ناکرێت.

نا پرۆفیشنالی لای زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی کورد گەیشتۆتە لوتکە و لە "هیچ سەردەمێک وەکو ئەمڕۆ ئەوەندە زۆر ئەخلاقی ڕاگەیاندن پشتگوێ نەخراوە و ڕاگەیاندنی کوردی تووشی لەم جۆرە بەرەڵاییە نەبووە. زۆر لەو ڕۆژنامەنووسانە چاویان لە خراپە زیاتر هیچی دیکە نابینێ و هیواش دەخوازن بەم شێوەیە ژیان بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی قسەی و بەرهەمی ئەوان ڕاست دەربچێت". "ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان، زۆر لە بەرێوەبەرو سەرنوسەرانی گۆڤارو و هەندێک لە ڕۆژنامەکان، لە نێوان ئەخلاقی پیشەو دیموکراتییەت و بەرەڵڵای لێیان تێکەڵ بووە و ناتوانن ئەو جیاوازییەی هەیە ببینن". (سەپان، ٢٠١٢، ل١٤٨،ل١٤٩). لە هەرێمی کوردستان "ناپرۆفیشنالێتی و لاوازی پیشەی میدیایی و ڕۆژنامەنووسی و کارنەکردن بە ستانداردە جیهانیەکان کە زۆر جار لە غیابی مەعریفیەوە جۆریک لە پاشا گەردانی دێتە کایەوەو بەهایەک بۆ پیشەی ڕۆژنامەنوسی نامینێتەوە". (خەبات، ژ.٣٣٠٦، ٢٠٠٩، ل٥).

بۆ ئەوەی (بتوانین بە شێوازێکی زانستیانە لەو دۆخەی ئەمڕۆی ڕاگەیاندنی کوردی تێی کەوتووە بکۆڵینەوەو کار ئاسانی بکەین پێویستە گەشە بەم گریمانەیە بدەین: هەرکاتێک پیشەیەک بکەوێتە ژێرکاریگەری پیشەیەکی تر ئەوە بەدڵنیاوە لە ئەجێندای پیشەکەی خۆی لادەدات و دوردەکەوێتەوە ئەگەر هەڵسەنگاندنێک بۆ شێوازەکانی کاری ڕاگەیاندن لە کوردستان بکەین دەکرێت بە گشتی بە سەر دووبەردا دابەشی بکەین یەکەمیان: ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەی ئەجێندایەکی سیاسیان لە پشتەوەیە. دووەمیان: ئەوانەی ئەجێندای بازرگانیان هەیە. هەردوو شێوازی کارکردن ڕەوایی خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای تێڕامان و هەڵوەستە لە سەرکردنە ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی پیشەیی و پرۆفیشناڵ لە هەردوو بەرەکەدا کارناکرێت). (خەبات، ژ٣٣٠٣، ٢٠٠٩، ل٥). ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ دەبێت بەردەوام ئەوەی لە یاد بێت کە خوێنەر حوکم لەسەر شتەکان دەدات و ئەو شەونخونی و کارە بەردەوامەی، ڕۆژنامەنووس دەیکات هەمووی بۆ گەیاندنی زانیاریەکانە بە خوێنەر. ( مەسعود، ٢٠٠٦، ل٥٠).

ڕۆژنامەنووس پێویستی بە ڕۆشنبیری گشتیە، چونکە ڕۆشنبیری پێشەنگی دادپەروەری و بیروڕای دیموکراتیە، کاری ڕۆژنامەنووس ئەوەیە بە دوای ڕاستی زیاتر دا بگەڕێت و کێشەو ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکراو بێ خەوش بخاتە ڕوو، (کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانی پرۆفیشناڵەکان)، (SPJ) چەند خاڵێکی گرنگی ڕێساکانی ئێتیک دەخاتە ڕوو:

یەکەم: بە دوایی ڕاستی دا بگەڕێ و بڵاویبکەنەوە. ڕۆژنامەنووس دەبێت ڕاستگۆ بێت و دادوەربێت، چاونەترس بێت لە کۆکردنەوەو، بڵاوکردنەوە و ڕونکردنەوەی زانیاریەکان.

دووەم: ئازارکەم بکاتەوە، ڕۆژنامەنووس پابەند بێت بە ئێتیکەوەو مامەڵە وەک مرۆڤ بە ڕێزەوە لەگەڵ سەرچاوەو بابەت و هاوکارەکان بکات.

سێیەم: سەربەخۆیانە مامڵە بکات، نابێت ملکەچی هیچ شتێک بێت، بیجگە لە تێرکردنی مافی گشتی بۆ زانیاری و فیربوون.

چوارەم: ڕۆژنامەنووسان بەرپرسیارن لە خوێنەرانیان، گوێگرانیان، بینەرانیان، هەروەها لە یەکتریش لە ناو خۆیان. (*Media Ethics*, 2014, p48).

**دووەم: گرفتی تەمبەڵی و ناهۆشیاری لای ڕۆژنامەنووسان:**

"گۆرانکارییە خێراکان و پێشوەچوونی تەکنەلۆژیای نوێ، تەمبەڵی و تەوەزەلی زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی کورد، کە لەپشت مێزی نووسین هەڵناستن و بەدوای سەرچاوەی نوێ و باش و پێویست بۆ نووسینەکانیان ناگەڕێن و تەواوی وەرگرتنی زانیارییەکانیان لە ڕێگای تەلەفۆنەوە بەدەست دێنن زۆر لە جەماوەر بەدوورن، ئەوەندەی دیکە کاری ڕۆژنامەنووسانی ئاڵۆزتر کردووە". (سەپان، ٢٠١٢، ل١٤٧). دەبێت ڕۆژنامەنوسی کورد: "خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی پیشەی قوڵ بێت و پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی کەسی ڕۆژنامەنووس و ناڕۆژنامەنووس دیاری بکریت، ڕۆژنامەنووس تەنها حەزو ئارەزووی کەسی نەبێت، بەڵکو پیشەو خویندنیش بێت تاکو بەهاو جوانی بۆ کارەکەی بگەڕێنرێتەوە". (خەبات، ژ٣٣٠٦، ٢٠٠٩، ل٥). کەمی "هۆشیاری و تێگەیشتن لە پیشە و ئەرک و ڕۆڵ و مەبەست و ئامانج و شێوازەکانی کارکردنی ڕاگەیاندن، وە نەبوونی ئیرادەیەی دانانی سیستەمێکی ڕێکوپێک بۆ ڕێکخستنی کارو ئەرک و مافی ڕۆژنامەوان و ڕاگەیاندنکاران، هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبوونی ئەو دۆخەی ئەمرۆی ڕاگەیاندنی کوردی".(خەبات، ژ.٣٣٠٣، ٢٠٠٩، ل٥).

**سێیەم: تێگەیشتنی هەڵە لە ئازادی لای ڕۆژنامەنووسان:**

(ئەو پانتاییە کە ڕۆژنامەنووسان کاری پیدەکەن بە بیرێکی کراوەو ئازاد، هەندێک وڵات ئەو سەربەستیە سنووردار دەکات، تا ڕۆژنامەنووسان خۆیان لە ژێر فشارو کۆتی وبەندی ئاشکرا یان شاراوە دەدۆزنەوە). (علی، ٢٠١٧، ل٦٦). بەڵام لە هەرێمی کوردستان بە "نەبوونی یاسایەکی ڕاگەیاندنی تێر و باش و هەمەلایەنە، هەوڵنەدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پێویست، زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی چەواشە کردووە، ئەو ڕۆژنامەنووسانە لەو بڕوایەدان، ئازادی دەربڕینی بیروڕا و هەبوونی حکومەتی دیموکراتی ڕێک دەکاتە ئەوەی ڕۆژنامەنووسان: ئەوەی بینووسن و باسی بکەن و پیشانی بدەن مافی تەواوی خۆیانە". (سەپان، ب١، ٢٠١٢، ل١٤٦).

پەیوەندی نێوان "ئازادی و ڕۆژنامەگەری و ئەخلاق پەیوەندیەکی زیندو جێگیرە، هەروەک چۆن حەقیقەتی ڕەهانیە، ئازادی ڕەهاو ئەخلاقی بێ گەردی ڕەهاش نیە. ژینگەیەک لە ئازادی سیاسی ناو دیموکراتی ڕاستەقینەی گونجاو بۆ بەرەوپێش بردنی کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان پێویستی بەمانە هەیە: یاسای جدی و دادگای جدی و سەربەخۆ و کاریگەر هەروەها پێوەری ئەخلاقی وەهای پێویستە کە شەرەفی پیشەیی بپارێزێ و بە هەماهەنگی و هاوکاریکردنیش لەگەڵ دەستەکانی بەرپرسیاریەتی کارگێڕی چاوچێوەیەکی بۆ دیاری بکرێت". (خەبات، ژ.٣٣٠٩، ٢٠٠٩، ل٥).

**چوارەم: بە یاساکردنی میدیا لە کوردستان:**

یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان پەسەند کرا، کەپڕۆژەیەکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بوو بۆ ڕێکخستنی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، نووسینی "یاسای ڕاگەیاندن لە هیچ وڵاتێکی تەندروست و ئازاد و دیموکرات، کاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان نەبووە و نیشە، لەگەڵ ئەوەش لێرە کردیان بۆ ئەوەی سەندیکا پیشانی بدات لە بەرژەوەندی هەر نەبێ زۆربەی ڕۆژنامەنووسان کار دەکات. ڕۆژنامەنووسانی کورد لەبەر ئەوەی نەیاندەزانی لە وڵاتانی دیکە ڕاگەیاندن چۆنە و ڕۆژنامەگەری ئەوان لە چ ئاستێکدایە. بێ ئەوەی لە ناوەڕۆکی یاسای سەندیکا بگەن، لە سەرەتا دژی وەستان، سەندیکا ئەوەندەی دیکە یاساکەی لێک کێشایەوەو نەرمتری کرد".( خەبات، ژ.٣٢٩٧، ٢٠٠٩، ل٥). سەندیکا "هیچ پێویست ناکات، ڕۆڵی وەزارەتێک ببینێ و ئەوەی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بکرێت یەکسەر ئەوانی لێ ئاگادار بکرێتەوە. لە ڕاستیدا کاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەرگری کردنە لە ڕۆژنامەنووس، بەتایبەتیش ئەگەر ڕۆژنامەنووس لەسەر کار دەربکرێ، نەک نووسینی یاسا و خۆکردن بە مەرجەعێکی موقدەس و یاسایی و حکومەت نەتوانێ بێ سەندیکا هیچ لەگەڵ ڕۆژنامەنووس بکا...کەسی ڕۆژنامەنووس لەبەردەم دادگا نابێ هیچ جیاوازی لەگەڵ پیشە و کەسەکانی دیکەی کۆمەڵ هەبێ" (سەپان، ٢٠١٥، ل١٢٢).

هەروەکو سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەڵێت: پێویستمان بە هاوچەرخاندنی ئەم یاسایە هەیە و هەندێک بابەتی میدیایی هاوچەرخ و نوێ وەک پاشکۆ بخرێنە، پەراوێزی ئەم یاسایەوە تا کاتێک هەلومەرج گونجاو دەبێت، بۆ هەموار کردنەوەی یاساکە بە شیوەیەکی وەها، کە لەگەڵ ئان و سات و سەردەمدا بگونجێت.. گلەیی و گازەندەی زۆرمان لێ دەکرێت، گوایە لەم یاسایەدا باس لە سۆشیال میدیا و ریکلام و میدیای بینراوی ئاسمانی نەکراون و هاوکات کیشەکانی دادگاو بنکەکانی پۆلیس لەم یاسایەدا بەوردی باس نەکراون. (ئەنوەر، ٢٠١٩، ل٤،٥). ئەگەر بۆ یاسای ڕۆژنامەگەری کوردستان ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ بگەڕێینەوە، دەبینین بەڵێننامەی "میثاق شرف"ی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٥٤ی هەمووارکراوی کردۆتە پاشکۆ و سزای پێشێلکردنیشی داناوە، ئەمەش تێکەڵییەکی لە نێوان یاسا و ئێتیکدا دروستکردوە، چونکە سزاکانی ئێتیک و یاسا جیاوازن، هەروەها هەموو پیشەکان بە گوێرەی چەند پرەنسیپێکی ئێتیکی ڕێکدەخرێن، ئەم ڕێکخستنەش بەشێک نیە لە ڕێکخستنی یاسای. (خەبات، ژ.٣٣٠٦، ٢٠٠٩/١٠/٢٢،ل٥).

**پێنجەم:پرێسی زەرد لە هەرێمی کوردستان:**

لەو کاتەی باس لە ئێتیکی ڕاگەیاندن دەکەین، ناتوانین پرێسی زەرد فەرامۆش بکەین، کە مێژوویێکی دووری هەیەو لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک گەیشتە هەرێمی کوردستان کە بە پرێسی زەرد بە ناوبانگە: "بە شێوەیەکی فەرمی دەتواندرێ بگوترێ لەگەڵ پەیدابونی ڕاگەیاندنی ئەهلی و بەتایبەتیش لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی هاوڵاتی لە پایزی ٢٠٠٠ وە دەستی پێکرد، بەڵام زیاتر لە دوای لێدانی ئێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ جێیی خۆی توند کرد". "پەیدا بوونی پرێسی زەرد لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی پسپۆڕۆ باش لە کوردستان بناغەی دانەمەزرا، بەڵکو زیاتر لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی کەمئەزموون، نا شارەزا لە ڕاگەیاندن، گەنجی خوین گەرم پەیدا بوو". (ڕۆژنامەنووس، ژ.٢٥، ٢٠١١، ل٢٤). لەماوەی ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠٠٢ و لە کۆی ٩٧ ژمارەی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا، لە ڕووی پەیڕەوکردنی پێوەرەکانی ئێتیکی ڕۆژنامەوانی کەمتەرخەم بووە و لە ئاستی پێویستدا نەبوو، لە هەندێ ژمارە تووشی لادانی ئێتیکی زۆر زەق بۆتەوەو نەیتوانیە تەم و مژی سەر زانیاری بۆ نێو هەواڵەکان لابەرێت و خوێنەران بە ناوەڕۆکی ڕاستیەکان ئاشناکات و بێلایەنانە ئەرکی ڕۆژنامەوانیانەی خۆی بەجێ بگەیەنێت. (ئەیڤەس، ٢٠٠٦، ل١٩٩). ئەگەر پرێسی زەرد لە "ئەمریکاو بەریتانیا، بۆ ساغ کردنەوەی ژمارە و بەرزکردنەوەی تیراژ و کۆکردنەوەی سەرمایە لە دایک بوو بێت، لە کوردستان بە پێچەوانەی ئەوانەوە بووە

و زیاتر مەبەستی سیاسی وایکردووە، خەلک بڕوا بە ناوەڕۆکی نووسینەکان نەکا، ئەمەش ناکاتە ئەوەی پرێسی زەرد لە کوردستان ناخوێندرێتەوە". (ڕۆژنامەنووس، ژ٢٥، ٢٠١١، ل٢٤، ٢٥).

ڕحیم سورخی گرفتەکانی بەردەم ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو وەک: (خەبات، ژ٣٢٩٩، ٢٠٠٩، ل٥). "جیا لە گرفتی یاسایی، ئەخلاقی پیشەیی و هونەری ڕۆژنامەنووسی، نەبوونی کاری فیرکاری لە بەشەکانی ڕاگەیاندن تەنانەت ژووری تایبەت بە بەشەکە، ڕێکنەکەوتنی ناوەڕۆکی یەکەکانی خویندن لەگەڵ بارودۆخی کوردستان و کێشەی کورد، نەبوونی پەیوەندی لە نێوان دەزگاکانی بە شەکانی ڕاگەیاندن و کۆلیژەکان و نەبوونی بەشی توێژینەوەی ڕاگەیاندن لە زانکۆکانی هەرێم، بەهەند وەرنەگرتنی ڕای پسپۆرانی و خوێندەوارانی بەشی ڕاگەیاندن، نەبوونی کۆرسی فیرکاری لە بواری میدیا".

دووەم: لاگیری ڕۆژنامەنووسان و بێ متمانەیی جەماوەر بەوان: ڕۆژنامەنووسی کوردی بەرەو قەیرانێک بردووە کە نەیتوانیوە پێناسەیەکی تەواوی بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی بکات کە پەسەند کراوی تەواوی هەموو ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بێت. ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە لە وتاری جۆراو جۆردا چ و وتاری سیاسی و یان گفتوگۆی تەلەفزیۆنیدا، هەندێک باسی توندو زبرو دوور لە ڕێسا ئەخلاقیەکان دەبێندرێ، واتا بەرەو ئەو شێوە بیرکردنەوە دەچێت کە بڕیاری پێشوەخت لە بارەی لێدوانەکەوە بدرێت: "هەرکەس دژی ئێمەیە ئیتر هیچ کارێکی دروستی نەکردووە" ئەمەش دەبێتە مایەی داپۆشینی ڕاستی و چەواشەکاری.

## باسی پێنجەم: شیکردنەوەی ناوەڕۆک:

## یەکەم: شیکردنوەی ناوەرۆکی بۆ ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ساڵی ٢٠١٩:

ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) یەکەم ڕۆژنامە بوو، بەزمانی کوردی ڕۆژانە لەکات و ساتی خۆی، لە پاش ڕاپەڕینەوە دەرچوو و توانی بەردەوام بێت، ژمارە (سفری) لە یەک شەممەی ١٢ی کانونی دووەمی ١٩٩٢ بە (٨) هەشت لاپەڕە لە هەولێر دەرچووە، یەکەم سەرنووسەری ئەرسەلان بایز و سکرتێری نووسین ئازاد جوندیانی بووە..توێژەر چەند نمونەیەکی شیکردنەوەی مەیدانی لە سەر ڕۆژنامەکە دەخاتە ڕوو:

(سەردێر) ی سەرەکی هاتووە: کۆسرەت ڕەسوڵ: "شەراکەتی ڕاستەقینە و پابەندبوون بە دەستورەوە" باشتر بوو ئەو سەردێر بنووسرایە: (کۆسرەت ڕەسوڵ: جەخت دەکاتەوە لەسەر شەراکەتی ڕاستەقینە و پابەندبوون بەدەستوورەوە)، توێژەر. ئەو سەردێرە سەرەکیە مانای تەواو نادات. خوێنەر بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە دەنێرێتە لاپەرەی ٣ی بەشی خوارەوەی ڕۆژنامەکە. لەگەڵ ئەوەی نیوەی لاپەڕەکەی بەوێنە پڕ کردۆتەوە، وەناوی فۆتۆگرافەری لەسەرنیە، بەڵام لەناوەڕکی هەواڵەکە سەرەتا زانیاری نادات بەدەستەوە، پاش نووسینی چەند کۆپلەیەک ئەوجا دێتە سەر زانیاری ناو کۆبۆنەوەکان ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کە نووسنی لید بۆ هەواڵ کارێکی ڕۆژنامەنووسی زۆر گرنگە کەچەند زانیاریەک پیشکەش دەکات بەخوینەر لەسەرەتای هەواڵەکەوە. پاش ١٠٨ هەشت وشە ئەجا زانیاری و ڕەگەزەکانی هەواڵ دەردەکەون بەجوانی وەک: "لەڕۆژی ٢/٢٦وە وەفدێکی باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، و ئەندامێتی........". بەردەوام دەبێت و دەنووسێت: "شایەنی باسە، لەدیدارەکە جگە لەوەفدی یەکێتیی، نوینەری هەریەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان بەشداربوون...". بەباشی دارشتنی هەواڵ، کاریگەری دەبێت لەسەر دروست کردنی متمانە لای خوێنەری ڕۆژنامەی کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان و تیراژی ڕۆژنامەکەش بەرز دەکاتەوە. (کوردستانی نوی، ژ.٧٨٠٢، ٢٠١٩، ل١،٣).

لەلاپەرە ٤ وەڵامێکی دیکەی سایتی باس نیوز دراوەتەوە، هەواڵەکەی (باس نیوز) پشتی بەهیچ سەرچاوەیەک نەبەستووە وەکو ئەوەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوی کردۆتەوە تێدا هاتووە: "بەپەلە باڵێکی نوێ لە نیو یەکێتی دروست کرا گروپێکی نێو یەکێتی بەهۆی فشاری.....". ڕۆژنامەی کوردستانی نوێش بەتوندی و وەکو زمانی سایتەکە وەڵامی داوەتەوە وەک: "خەونی شەیتانیە و قەت نایەتە دی خەم لەخۆتان بخۆن وکۆنگرەی خۆتان بخۆن" یان "چۆن داگیرکەران بەوداخەوە دارزان، ئێوەش هەرهەمان ئاواتی خەبەری دەبەنە ژێرگڵ"، وەهاتووە " حەیا چوون پارەی حەرام و چەمۆڵەش بۆ ئەم سایتانە". پێویست ناکات بەهەمان زمانی زبر وەڵام بدرێتەوە چونکە لە پێگەو ئاستی ڕۆژنامەکە کەم دەکاتەوە و پاڵ بە ڕۆژنامەکەوە دەنێت بۆ ئەوەی پابەند بوونی خۆی بەئێتیکەوە لەدەست بدات. (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ.٨٠١٤ دووشەممەی ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩، ل٤،٩٧). بڕوانە خشتەی (١).

**خشتەی(1) ئاستی پابەند نەبوون بەئێتیکی ڕاگەیاندن و لەدەستدانی متمانە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ٢٠١٩.**

| ژ | ژانرەکان | دوبارە | پابەند نەبوون به ئێتیک | ڕێژەی | لە دەستدانی متمان | ڕێژەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەردێر،ناونیشان | 783 | 70 | %8,93 | 180 | %22,98 |
| ٢ | نوسین، هەوال، ریپۆرتاژ، گوشە چاوپیکەوتن، ستون. | 692 | 100 | %14,45 | 180 | %26,01 |
| ٣ | لید، چاپ، دیزاین | 578 | 48 | %8,30 | 188 | %32,52 |
| ٤ | وینە، کاریکاتیر، ریکلام، نەخشە. | 896 | 256 | %28,57 | 415 | %46,31 |
| | کۆی | 2949 | 474 | %16,07 | 963 | %32,65 |

بەگشتی وەرگرتنی ئەو نموونەی مەبەستداری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە شیکردنەوەی ناوەڕکی بۆ کراوە ئەنجامەکەی بریتیە لە: ٧٨٣ دوبارەبوونەوەبوونەوەی ژانرەکان و پابەند نەبوون بەئیتیک ٧٠ و بەرێژەی 8,93%یە، خراپی نووسینی سەردێرو ناونیشان ١٨٠ یە بەرێژەی 22,98%. ڕێژەی لەدەستدانی متمانە لای خوێنەر ئاستێکی باش نیە. لە نووسینی هەواڵ و ڕێپۆرتاژ و چاوپیکەوتن، ژمارەی دووبارەبوونەوە دەگاتە ٦٩٢ ژمارەی پابەند نەبوون بەئێتیکی ڕاگەیاندنەوە دەگاتە ١٠٠ و ڕێژەی سەدی دەگاتە: 14,45% و ژمارەی ناتەواوی کەم وکوری لە نووسین دەگاتە ١٨٠ و ڕێژەی سەدی دەکاتە، 26,01%. لە پێشێلکردنی ڕێساکانی و لەدەستدانی متمانەی خوینەر.

لید، (دەستپێک) چاپ، دیزاین ژمارەی دوبارەبوونەوەیان دەگاتە، ٥٧٨ ژمارەی پابەند نەبوون بەئێتیکەوە دەگاتە: ٤٨ و ڕێژەی پابەندنەبوون بریتیە لە: 8,30%ی سەدی، ژمارەی لەدەستدانی متمانە دەگاتە ١٨٨ حاڵەت بە ڕێژەی32,52%ی سەدیە. وێنەی کاریکاتیرو وێنەکانی دیکەو ٨٩٦ و ژمارەی پابەندنەبوون بریتیە لە ٢٥٦ و بەرێژەی 28,27%ی سەدیە. ژمارەی لەدەستدانی

متمانە دەکاتە، لەخراپی وێنەو کاریکاتیرو نەخشە، ٤١٥ حاڵەت هەیە، ڕێژەکە دەکاتە: 46,31%ی سەدیە، ئەو ڕێژەیەش کاریگەری هەیە لەسەر لەدەستدانی متمانە لای خوینەری ڕۆژنامەکە. کۆی دووبارەبوونەوەی ژانرەکان ٢٩٤٢وە، پابەند نەبوون لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ٤٧٤حاڵەتە، پابەند نەبوونە بە ئێتیکە ڕاگەیاندن کەرێژەکەی دەکاتە: 16,07%ی سەدیە، هەرچەندە ئەو ڕێژەیە زۆر نیە بەڵام کاریگەری هەیە بە هاوبەشی لەگەڵ ناپرۆفیشیناڵێتی لە کاری ڕۆژنامەگەری کە ٩٦٣ حەڵەتە بەرێژەی 32,65%ی سەدی، ئەو ڕێژەیەش زۆرە. بروانە وینەی ژمارە (١).

## دووەم: شیکردنەوەی ناوەرۆک بۆ ڕۆژنامەی خەبات، ساڵی ٢٠١٩:

ڕۆژنامەی خەبات ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژنامەیە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، نووسینگەی سەرەکە لە هەولێرە، خاوەن ئیمتیازی ئەو ڕۆژنامەیە (عەلی عەبدوڵلا)یەو سەرنووسەری (سەلام عەبدوڵلا) یە، سکرتێری نووسین (دڵشاد مستەفا وەسانی)یە، بەڕێوەبەری هونەری (شکار نەقشبەندی)یە.(خەبات، ژ.٥٦٩٨، ٢٠١٩، ل١). ژمارە ١ی ڕۆژنامەی (خەبات)، لە شەممە ٤ی نیسان ١٩٥٩ ساڵی (١) لە بەغدا دەرچووە، بە شێوەی ڕۆژانە. ڕۆژنامەی خەبات ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە. توێژەر چەند نمونەیەکی شیکردنەوەی ناوەرۆک بۆ ڕۆژنامەکە بەشێوەی مەیدانی دەخاتە ڕوو:

لە لاپەڕەی١ سەردێرێک لە سەرەوەی لۆگۆی ڕۆژنامەی خەبات هاتووە: "زۆرینەی پێکهاتەی تورکمانی کەرکوک لەگەڵ ئەوەن پێشمەرگە بگەڕێنەوە شارەکە"، ئەم نووسینە لە ئەنجامی (دیمانەیەک)، لەگەڵ مونا قەهوەچی سەرۆکی فراکسیۆنی چاکسازی تورکمانی لەپەرلەمانی کوردستان لەلاپەڕە ٣ ی ڕۆژنامەی خەبات ئەنجام دراوە. (ڕۆژنامەی خەبات، ژ. ٥٦٩٠، ١٠ی شوبات، ٢٠١٩، ل١،٢). لە ژمارەی ٥٦٩١، لەلاپەرە ٥ی ڕۆژنامەی خەبات ستونێک لەلایەن ڕۆژنامەنووسیکەوە نووسراوە لە ژێر ناوی نامەیەکی کراوە بۆ (ئەرشەد سالحی) و بەرەی تورکمانی، نامەکە هێرشی توندی تیدایە بۆ سەر (ئەرشەد سالحی) و بەری تورکمانی کۆپلەیەکی دەنووسینەوە: "من نازانم ئێوە بە چ ڕێساو یاسایەک ئەو مافەتان بەخۆتان داوە کاتێک دەڵێن ئێمە دژی گەڕانەوەی پێشمەرگەین بۆ کەرکوک و ناهێلن پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ کەرکوک" هەروەها دەنووسێت: "ئەوەی ئێوە دەیڵێن و دەیکەن بۆنی پیلانێکی بۆگەنی لێ دێت، بەڵام دڵنیابن هیچ بەرهەمێکی ئەرێنی نابێت و ئەنجامەکەی تەنها دۆڕاندن و پەنجەگەزینی ئێوەی بەدواوە دەبێت". ئەو ستونە هەرچەندە بە نەفەسێکی توونڈ نووسراوە، بەڵام هەروەک ڕەتکردنەوەی قسەکانی مونا قەهوەچیە، باسی پێخۆش بوونی تورکمانەکان دەکات بەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بچێتەوە کەرکوک، کەکراوە بەسەردێرو لە لاپەڕەی ١ بەبایەخەوە لە ژمارەی پێشووتر لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکراوەتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژنامەیە ئۆرگانی حزبێکی سیاسیە، نابێت نووسینەکان پێچەوانەوەو دژ بە یەک بن، چونکە ئەوە گومان دروست دەکات لای خوێنەرو متمانە بەراستکۆی کەم دەکاتەوە. (ڕۆژنامەی خەبات ژ. ٥٦٩١، ٢٠١٩، ل٥). بروانە خشتەی (٢).

**خشتەی(٢).**

**پابەند نەبوون بەئێتیکی ڕاگەیاندن و هۆکاری لەدەستدانی متمانە لە خەبات لە ٢٠١٩دا،**

| ژ | ژانرەکان | دوبارە | پابەند نەبوون بە ئێتیک | ڕێژەی | لە دەستدانی متمان | ڕێژەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەردێر،ناونیشان | 1169 | 93 | %7,95 | 330 | %28,22 |
| ٢ | نوسین، هەوال، ڕیپۆرتاژ، گوشە چاوپیکەوتن، ستون. | 1069 | 168 | %15,71 | 313 | %29,27 |
| ٣ | لید، چاپ، دیزاین | 777 | 96 | %12,35 | 255 | %32,81 |
| ٤ | وێنە، کاریکاتێر، ریکلام، نەخشە. | 1344 | 719 | %53,49 | 593 | %44,12 |
| | کۆی | 2949 | 4359 | 1103 | 25,30 | 1496 |

کۆی پابەند نەبوون بە ئێتیکی ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی لەدەستدانە متمانەی خوێنەر لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی خەبات، ساڵی ٢٠١٩، بریتیە لە: سەردێر دووبارەبوونەوەی ١١٦٩یەو ژمارەی پابەند نەبوون ٩٣یە، ڕێژەی 7,95%ی سەدیە، ڕێژەیەکی بەرز نیە، بەڵام پابەند نەبوون بە ئێتیک دەبێت جێگای پرسیاری خوێنەر، هۆکارەکانی لەدەستدانی متمانە، ژمارەی ٣٣٠و ڕێژەکەی دەکاتە: 28,22%ی سەدی. دووبارە بوونەوەی نووسین و ژانرەکانی دیکە، ١٠٦٩ یە ژمارەی پابەند نەبوون، ١٦٨، بەڕێژەی 15,71%ی سەدیە، هۆکاری بێ متمانەیی لە ڕۆژنامەی خەبات، ٣١٣ بەرێژەی 29,27%سەدیە. دووبارەبوونەوە لە لید و چاپ بریتیە لە:٧٧٧ و ژمارەی پابەند نەبوون بە ئێتیک ٩٦ ڕێژەکەی 12,35%ی سەدیە، ژمارەی هۆکارەکانی لەدەست دانی متمانە لای خوینەر، ٢٥٥ و بەڕێژەی 32,81%ی سەدیە. دووبارەبوونەوە لە وێنەو و کاریکاتێر، ١٣٤٤ و ژمارەی پابەند نەبوون بەئێتیک ٧١٩ یە بەرێژەی 53,49% ئەوەش ڕێژەیەکی بەرزە بۆ پابەندنەبوون بە ئێتیکی ڕاگەیاندن، بۆ ڕۆژنامەیەکی ملتزیمی وەک خەبات بۆیە ڕۆژنامەکە پیویستی بەخۆداچوونەوە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ جارێکی دیکە متمانەی خوێنەرەکانی بەدەست بهێنیت. ژمارەی لەدەستدانی متمانە ٥٩٣یە و ڕێژەکەی 44,12%ی سەدیە. بەگشتی ڕۆژنامەی خەبات لە پابەندنەبوون بە ئێتیکی ڕاگەیاندن و ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی لەدەست دانی متمانە،کاریگەری زۆریان هەیە لە سەر ڕەوینەوەی خوێنەر لەڕۆژنامەکە. بروانە وینەی ژمارە (٢).

## سێیەم: شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ بابەتەکانی ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، ساڵی ٢٠١٩:

ڕۆژنامەی ئەڤرۆ یەکێکە لەو ڕۆژنامەنەی بەشێوە زاری (کرمانجی سەروو )ڕۆژانە لە شاری دهۆک دەردەچێت و خزمەتێکی زۆری بەبواری ڕۆژنامەگەری کوردی گەیاندووە، ڕۆژنامەکە هەوڵدەدات ئازادانە بنووسێت و بابەتەکانی خۆی بخاتە ڕوو، خاوەن ئیمتیازی (ناڤەندا خانی یا رەوشەنبیری و راگەهەندنێ)، سەرنووسەری ڕۆژنامەکە (فازل عومەر) و سکرتێری نووسین (حەمزە رەزیکی) یە، ڕۆژنامەی ئەڤرۆ کارو چالاکی حزبی و حوکمەتی هەرێم لەسەرئاستی هەرێم و بەتایبەتی پارێزگای دهۆک بڵاودەکاتەوە، هەرچەند خۆی وەک ئۆرگانی حزبی نەناساندووە، بەڵام کاروچالاکیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاودەکاتەوە. ئاۆامادەکردنی ئەو توێژینەوەیە ٣٠٢٨ ژمارەی لێ دەرچووە بەشێوەی ڕەنگاو ڕەنگ، بە ١٦لاپەرە کە لەسەر شەش ستون لاپەڕەکانی دابەش کراوە. (ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، ژ.٣٠٢٨، ٢٠٢١، ل١٦).. لەلاپەڕە٣ ڕۆژنامەکە سەردێرێک هاتووە: "چالاکڤانێن ڕۆژهەلاتێ کوردستانێ دچنە باژێرێ وارشۆ". سەردێرێکی ناتەواوە، چونکە زانیاری لە ناو

سەردێرەکە نیە، باشتر بنووسرایە: (چالاکوانی ڕۆژهەڵات بەشداری کۆنفرانسێک دەکەن دژی ئێران لە وارشۆ) توێژەر. وە لەناوەرۆکی نووسینەکە هاتووە: "شرین قازی ژ بنەما لا پێشەوا قازی محەمەد کودوهی گەهشتە باژێرێ وارشۆ ڕاگەهاند کو کۆنفرانسێ وارشۆ بۆ کوردان گرنگیەکا خوە یامەزن هەیە، چونکە جارا ئێکی یە د ئاستێ نێڤدەوڵەتی دا کۆنفرانسێک وەسا کرنگ ل دژی ئێرانێ د هێتە گێران و وەزیرێ دەڤەر.......". پێوست بوو هەر لە لید زانیاری لەسەر ڕۆژی کۆنفرانسەکە بنووسرایە، کە لە کۆتای هەواڵەکە نووسراوە. لەگەڵ ئەوەی ڕۆژی دەستپێکردنی کۆنفرانس ١٣ی مانگە، بەڵام ڕۆژنامەی ئەڤرۆ لە١٤ی مانگ هەواڵەکەی بڵاوکردۆتەوە، ئەو شێوازە فێڵ کردنی تێدایەو لادانە لە ئێتیکی ڕاگەیاندن. لەلاپەرە٧ی هەمان ژمارە لەڕۆژنامەکە، هەواڵێک هاتووە بەناونیشانی: "زەلامەکێ کورد ب ڕێیا فێسبوکێ سێ ژنێن بیانی دئینیت". وێنەی هەرسێ ژنەکە لەگەڵ پیاوە کوردەکە بڵاوکراوەتەوە. پیاوە کوردەکە دەڵێت: "ل گەل هاتنا تورێن جڤاکی بۆ کوردستانێ ب ڕیا گروپەکێ تێکەل بۆم ل گەل هژمارەکا هاوڵاتیێن عەرەب و سالا ٢٠١٣ ێ ل گەل کچەکا مسری بناڤێ (نەسرین) بۆمە هەڤال و هەتا پەیوەندیا مەگەیشتیە ئەڤینێ و پاشان مە ژیانا هەڤژینیێ پێکئینا و بۆ دەمێ شەش هەیڤا پێکڤە بوین و پاش ژێک جودا بۆین". ئەو دیمانەیە بۆ خوینەر زۆر کۆنە، چونکە ئەم ڕووداوە لە ٢٠١٣ بوو، ڕۆژنامەکە جاریکی تر ئەمەی لە ٢٠١٩ وروژاندوە، ریکلامە بۆ دیاردەی فرە ژنی..(ئەڤرۆ، ژ.٢٥٢٦، ٢٠١٩، ل٧).

لە لاپەڕەی١ی ژمارە ٢٥٢٣ی ڕۆژنامەی ئەڤرۆ سەردێریک هاتووە: کەمال کەرکووکی: "ئێمناهیا کەرکوکێ دێ رادەستی کەرکووکیان هێتە کرن"، وینەیەک بۆ پاڵپشتی هەواڵەکە داندراوە وێنەی کەمال کەرکووکی و چەند ئەفسەرو سەرباز و پێشمەرگەیەکی، پێویست بوو وینەکە وێنەی کەرکوک بێت. لە ناوەرۆکی هەواڵەکە هاتووە: "کەمال کەرکووکی گۆتێ: ل سەرانسەری دەڤەرێن کوردستانی یێن دەرڤەی ئێدارەی هەرێما کوردستانێ پێشمەرگە دێ ڤەگەرێتە وان جهێن ژ ئەگەرێ خیانتا ١٦ ئۆکتۆبەری خوە ڤەکێشاین".لەبەرئەوەی تا نووسینی ئەم توێژینەوە هێزی پیشمەرگە نەگەراوەتەوە، سنورەکانی پیشووی خۆی، هەواڵەکە لەڕاستی و دروستی گومان دروست دەکات، هەروەها هیرشی تێدایەو تاوانبارکردنی لایەنیکی تری تێدایە، ئەوە دەچێتە چوارچێوەی لادان لە بنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن.(ئەڤرۆ، ژ.٢٥٢٣، ٢٠١٩، ل٣).

لەلاپەڕە٥ سەردێرێک هاتووە: "حوکمەتا ئەڵمانیا دو کچێن کورد ڤەشارتە"، پێویستە زانیاری لە لیدی هەواڵەکە هەبێت بۆ خوێنەر سانا ترە، ناونیشانەکە جیاوازە لەگەڵ ناوەرۆکی. وەک هاتووە: ناڤهاتیێ ئاماژە دا وی چەندێ کو فەرمانگەها سۆشیال یا ئەڵمانیا دبێژێت، ئەڤ دو کچە ناخوازن ڤ گەرنە هەرێما کوردستانێ دگەل خێزانا خوە و.....". لەڕاستی دا حکومەتی ئەڵمانیا داکۆکی لەو دووکچە دەکات نەک شاردنەوە بەو مانای ڕفاندن وەک کارێکی خراپ. فێلکردن لە چاوی خوینەر بۆ سەرنج ڕاکیشان و بڵاوکردنەوەی تیراژی زیاتر زیانی گەورە بەر ڕۆژنامەکە دەکەوێت و نابێتە ڕۆژنامەیەکی سەرتاسەری بە متمانە لە هەرێمی کوردستان. (ئەڤرۆ، ژ.٢٥٢٧، ٢٠١٩، ل٢، ٥).

لەلاپەڕە٥ی هەمان ژمارە ڕوونکردنەوەیەکی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بڵاوکرتەوە، کەباس لەپێشێل کاری دەکات لەسەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی بەدرۆو هەڵبەستر، هەرچەندە شوینی بڵاوکردنەوەکەو لەکۆتایی لاپەرە٥ بڵاوکراوەتەوە. بەڵام گرنگی هەیە، بۆیە توێژەر کۆپلەیەکی لێ وەردەگرین لەژێرناوی: "سەرۆکایەتیا داخوازکاریا گشتی ل هەرێمی رۆهنکرنەکێ بەلاڤ دکەت"، تیداهاتووە: "سەرۆکایەتیا داخوازیا گشتی ل هەرێما کوردستانێ د رۆهنکردنەکێ دا راگەهاند، دێ پێرابوونێن قانوونی دژی وان سایت و ڕۆژنامان وەرگرین یێن دەنگوباسێن نە ڕاست ل دۆر دەزگەهێ وان بلاڤ دکەن". ئەو ئاگاداریە لایەنیکی یاسایە بۆ ڕاگرتنی ئەو هەموو هەواڵە چەواشەکاری ناڕاستانە، وەروونکردنەوەیەکی پڕ بایەخیشە بۆ سەلماندی ڕاستی ئەم توێژینەوە دەربارەی لادان لە ئەخلاق ڕاگەیاندن بڕوانە خشتەی(٣).

**خشتەی(٣).**

**ئاستی پابەند نەبوون بەئێتیکی ڕاگەیاندن و لەدەستدانی متمانەی خوینەر لە ڕۆژنامەی ئەڤرۆ ٢٠١٩.**

| ژ | ژانرەکان | دوبارە | پابەند نەبوون بە ئێتیک | ڕێژەی | لە دەستدانی متمان | ڕێژەی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەردێر،ناونیشان | 802 | 89 | %11.09 | 200 | %24.93 |
| ٢ | نوسین، هەوال، ریپۆرتاژ، گوشە چاوپیکەوتن، ستون. | 508 | 109 | %21.45 | 190 | %37.40 |
| ٣ | لید، چاپ، دیزاین | 600 | 58 | %9.66 | 201 | %33,5 |
| ٤ | وینە، کاریکاتیر، ریکلام، نەخشە. | 801 | 250 | %31,21 | 461 | %57.55 |
| کۆی | | 2711 | 506 | %18.66 | 1052 | %38.80 |

ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، وەک هەریەک لەڕۆژنامەکانی هەرێم بێ کەم کورتی نیە، هەروەک لەخشتەی( ٣) دەرکەوتووە، کۆی دووبارەی سەردێرو ناونیشان ٨٠٢و پابەندنەبوون بەئێتیک ٨٩ یەو ڕێژەی سەدی 09 .11%ی و لەدەستدانی متمانە دووبارەی ٢٠٠و ڕێژەی سەدی بریتیە لە: 93 ,24%یە. لەنووسین و هەواڵ و ڕێپۆرتاژ، چاوپیکەوتن، ستون، گۆشە. دووبارە٥٠٨ و، پابەند نەبوون بەئێتیک ١٠٩یەو ڕێژەی سەدی 45 ,21%و، لەدەستدانی متمانە ژمارەی ١٩٠و بەڕێژە دەکاتە: 37,40%سەدی. لید (دەسپێک)، چاپ، دیزاین، دووبارەبوونەوە ٦٠٠و لادان لەئێتیک ٥٨ و ڕێژەی بەسەدی 9,66%، لەدەست دانی متمانە ٢٠١و ڕێژەی سەدی 33.5%و . هەروەها وێنەو کاریکاتێرو نەخشە، دووبارەبوونەوە بریتیە لە: ٨٠١، ژمارەی پابەند نەبوون بەئێتیک ٢٥٠یەو ڕێژەی سەدی تێیدا هاتووە: 21 ,31%یە، بەهۆی ناپرۆفیشناڵێتی لەدەستدانی متانە، ٤٦١و ڕێژەکەی: 57,55%سەدیە. کۆی دووبارەی هەموو ژانرەکان لە ڕۆژنامەی ئەڤرۆ بریتیە لە: ٢٧١١، ژمارە پابەند نەبوون بەئێتیکی ڕاگەیاندن دەکاتە: ٥٠٦، ڕێژەی سەدی بریتیە لە: 18 ,66%ی سەدی، ژمارەی هۆکاری لەدەستدانی متانە، ١٠٥٢، بەڕێژە دەکاتە: 80 ,38%ی سەدی. ئەو ڕێژەیەش زۆرە بۆ لادانی ئێتیک لە ڕۆژناکە. بڕوانە وینەی ژمارە(٣).

## دەرئەنجامەکان

- رۆژنامەکان گرنگی زۆریان هەیە لەپێدانی هەواڵ و زانیاری، وەبڵاوکردنەوەی رۆشنبیری.
- لەزۆر ژمارەی رۆژنامەکە، لەخستنە رووی ژانرو وێنەو ریکلامەکانەوە، پابەندنەبووە بەئێتیکی راگەیاندنەوە، بەتایبەتی لەکاتی ململانێی سیاسی و کرژی نێوان لایەنەکان، بێ لایەن نین و رۆژنامەی حزبین.
- لادانی ئێتیکی هەیە، لەدیارنەبوونی سەرچاوە، هێرشکردنە سەرلایەنی سیاسی دیکە، بەتایبەتی لەکاتی کرژی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، زۆر لەهەواڵەکان گومانی راستیان لەسەرە، بێ لایەن نیە لەخستنە رووی بابەتەکان، جگە لەو لادانانە، دیزاین و دابەشکردنی بابەتەکان باش نیە، ریکلام نووسینەکانی روون نیە، یەکێک لەگرفتە گەورەکانی لاپەڕەی یەکی رۆژنامەی (خەبات) قەرەباڵغەو رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) سپەیسی زۆرە. بایەخ بەهەستی خوینەر نادات، ئەو بایەخندانە بۆتە هۆکارو، کاریگەری کردۆتە سەر کەمبوونەوەی تیراژی رۆژنامەکان، بەهۆی نەمانی متمانەی خوینەر بەرۆژنامەکان.
- رۆژنامەی (ئەڤرۆ): ئاراستەی بەرەو لادانە لەئێتیک و هەوڵ دەدات بەبابەتی سەرنج راکێش خوینەر بەلای خۆیدا کێش بکات، چونکە بابەتەکانی سێکسی، کوشتن، خنکان، سوتان، ژیانی تایبەت، ودۆسییەی ناودادگاکان هەڵدەداتەوە، بەوەش دەیەوێ خۆی نزیک بکاتەوە لەرۆژنامەگەری زەرد.

## راسپاردەکان:

1 - ئێتیکی راگەیاندن ببێتە وانەیەکی بنەڕەتی لە بەشی راگەیاندنی زانکۆکان و گرنگی بدرێ بە مێژوو، چۆنیەتی جێبەجێ کردنی لە هەرێمی کوردستان.

2 - توێژینەوە بکرێت لەسەر ئێتیکی راگەیاندن و هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ دەزگاپەیوەندیدارەکانی حکومەت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو پێشێلکاریانەی ئێتیکی راگەیاندن لە سۆسیال میدیا.

3 - ئەنجومەنێکی راگەیاندنی سەربەخۆ دروست بکریت لە خودی پسپۆرانی بواری راگەیاندن بەمەبەستی ناچارکردنی رۆژنامەنووسان بە بنەماکانی ئێتیکی راگەیاندن، بۆ پاراستنی مافی خەڵک.

4 - خولی تایبەت بە ئیتیکی راگەیاندن بۆ رۆژنامەنووسانی رۆژنامەو کەناڵە جیاکان و دامەزراوەکانی راگەیاندن بکرێتەوە بەمەبەستی باشتر کردنی رەوشی رۆژنامەنوسی لە هەرێمی کوردستان

# Compliance of journalists to media ethics and factors behind readers losing trust in the Kurdish newspapers in Kurdistan Region

**(Research extracted from the 'PhD thesis)**

**Shakhawan Mahammad Suliman**
Department of media, College of Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Shakhawan.awmar@gmail.come

**A.P D. Magded Khidr Ahmed**
Department of media, College of Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
sapanov@hotmail.come

**Abstract:**

In this research, "Compliance of journalists to media ethics and factors behind readers losing trust in the Kurdish newspapers in Kurdistan Region," the researcher will discuss ethics and media ethics in the Kurdish newspapers and has used the content analysis method to study the "Kurdistan New," "Khabat," and "Avro" newspapers. A content analysis has been conducted for all the editions of the three newspapers. A sample of the editions of one month in each season of the year of 2019 has been taken, their contents have been analyzed, and the factors behind readers losing trust in the newspapers have been demonstrated in a table. Also, the level of journalists' compliance with the fundamentals of media ethics and the reasons that affect reader's mistrust in the newspapers in Kurdistan Region have been demonstrated. To demonstrate the level of readers' mistrust, the researcher has conducted content analysis to the newspaper genres such as news, reports, headlines, and interviews. The researcher has presented the level of noncompliance of the journalists of these newspapers and their unprofessionalism by publishing improper photos and advertisements, poor designs, and distributing articles against the standards of the profession of journalism. This field analysis demonstrates the violation of the media ethics in these three newspapers. It is determined that the journalists working in these three newspapers were not compliant with media ethics and have not performed well as presented in the tables.

**Key Words: Journalist, Media Ethics, Media, Trust, Reader, Kurdish Journalist**

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی:

1- ئەمین، نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەرەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانی ی کوردی، ١٨٩٨- ١٩١٨، بەرگی یەکەم، چاپ و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

2- ---------------، چەند لاپەرەیەک لە مێژوی ڕۆژنامەوانی ی کوردی، ١٩١٨- ١٩٣٨، بەرگی دوەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٢.

3- ئەیڤەس، د. شوان ئادەم ئەیڤەس، ئێتیك لە ڕۆژنامەوانیی کوردییدا، پرۆژەی زنجیرە چاپکراوەکانی ڕێکخراوی چاودێری میدیای کوردی ژمارە ٢، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٢٠.

4- ئیبراهیم، د.ئاریانا ئیبراهیم، شێوازە ئەدەبیەکانی ڕۆژنامەی خەبات، (٢٠٠٣-٢٠٠٦)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.

5- ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز، ڕاگەیاندنی شۆرش و بزوتنەوەی شیعری کوردی، چاپخانەی ئۆفیسی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠١.

6- ئیبراهیم، عبدالخالق ئیبراهیم، وە ڕەحمان، ئەرسەلان رحمان، کارامەییەکانی نووسین لەرۆژنامەگەری چاپکراو ئەلەکترۆنیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولیر، ٢٠١٠.

7- جلال، سامان جلال ، ڕیکلام لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩.

8- زەنگەنە، عەبدوڵڵا، ژیانەوە شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوریدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠١.

9- موکریانی، د.کوردستان، گۆڤاری زاری کرمانجی، ، چ، وەزارەتی پەروەردە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٠.

10- مەسعود، مەریوان، پرۆفیشناڵی لە ڕۆژنامەنووسی کوردی، لە بڵاوکردنەوەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٦.

11- محەمەد، کارزان محەمەد، هەڵسەنگاندنی ئێتیکی ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی سنە، ٢٠١٩.

12- مستەفا، دکتۆر کەمال سەعدی، چوارچێوەی یاسایی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی عیراقدا. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

13- سەپان، مەغدید سەپان، ئەوانەی ڕۆژنامەنووس پێویستە بیانزانن، بەرگی دووەم، (چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کرکوک ٢٠١٢).

14- ---------------، گوتارە تەمەن درێژەکان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٩.

15- ---------------، ئەگەر ڕۆژنامەنووس هات، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.

16- سەعدی، کەمال سەعدی، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئەخلاقی پێشە، دەزگای (O.P.L.C ) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، پرۆژەی ماف بۆ بەرهەمە یاسایەکان، ژمارە (٩) هەولێر، ٢٠٠٤.

17- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بەیاساکردنی میدیا لە کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان،٢٠١٩.

18- عومەر، هاوژین عومەر، ئێتیکی کاری ڕۆژنامەوانی، چاپخانەی موکریانی، چ١، هەولێر، ٢٠١٢.

19- قانع، مەم بورهان، مێدیا و پێشلکاری پیشەیی، چاپخانە نەنوسراوە، لێکۆڵینەوەی شیکاری بەراوردکاری، ٢٠١٦.

20- ڕسول، هێرش ڕسول، ئێتیک ویاسا لە میدیای کوردیدا، چاپخانەی سەردەم، چ١، سلێمانی ٢٠١٣.

21- ---------------، ئازادی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، (١٩٩٣ – ٢٠٠٧)، لە چاپکراوەکانی ڕۆژنامەی چاودێر، ٢٠٠٩.

22- شوانی، محمد شوانی، سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر، ٢٠١٥.

### توێژینەوەو نامەی ماستەر بەزمانی کوردی:

23- سلێمان، کامیل عومەر، مافی بەدەستهێنانی زانیاری بۆ ڕۆژنامەنووسان، نامەی ماستەر، پێشکەش بە ئەنجومەنی سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە،٢٠١٣.

24- شوانی، محمدحوسین، ئاکارەکانی توێژینەوەی مرۆڤناسی، توێژینەوەی بڵاونەکراوە، زانکۆی صەلاحەدین، هەولێر٢٠١١.

25- عەلی، ئیبراهیم سمین علی، ئاستی زانینی ڕۆژنامەنووسان لەسەر بنەماکانی ئێتیکی ڕاگەیاندن، پێشکەشە بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدبیات لە زانکۆی سەلاحەدین، اربیل، کراوە وەکو بەشیک لە پیداویستی بەدەستهینانی ماستەر لە راگەیاندن- رۆژنامە. ٢٠١٧.

### وەرگێردراون لەزمانی بیانیەوە بۆ زمانی کوردی:

1- ئێف، مالکۆلم. مالێتی، هاوڕێی ڕۆژنامەنووسان، کۆمیتەی جیهانی ڕۆژنامەگەریی ئازاد، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە ئازاد حەسەن فتاح، ڕۆشنبیری بەدلیسی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣.

2- کۆڤاچ، بێل کۆڤاچ و ڕۆزێنستیڵ، تۆم ڕۆزێنستیڵ، بنەماکانی ڕۆژنامەوانی، وەرگێرانی لە زمانی ئینگلیزیەوە بۆ زمانی کوردی، لەیلا حەمید، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.

3- سەیاد، فریبا، فەرهەنگی، د.علی اکبر، نەریتی ڕۆژنامەوانی، وەرگیران بۆکوردی کارزان مەحەمەد، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦.

4- مجید،هێمن ، ڕەمەزان،عمر ئەحمەد، ئێتیکی کاری ڕاگەیان و حەتمیەتی تەکنۆلۆجیا، وەرگێرانی یاسین قادر بەرزنجی، ٢٠١٠.

5- عومەر، فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەری کوردی لە عێراق (١٩١٤-١٩٣٩)، وەرگێرانی بۆ زمانی کوردی تاریق کاریزی، عەبدوڵا زەنگەنە

دەقە ڕۆژنامەزانیە کوردییەکانی ساغ کردۆتەوە، چاپخانەی وەزارەتی پەروردە، هەولێر، ٢٠٠١.

## ڕۆژنامە کوردیەکان:

1- ڕۆژنامەی خەبات، ئێتیک لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ئامادەکردنی ئیبراهیم سمین، ژمارە ٣٣٠٢، لە ١٨/١٠/٢٠٠٩. تاکو ژمارە٣٣٩٨ لە ١٣/١٠/٢٠١٩.

2- ڕۆژنامە کوردستانی نوێ، ژ.٧٨٤١، لە١٨/٤/٢٠١٩.

3- ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژ،١١٨، سلێمانی، سالی ١٩٢٢.

4- ڕۆژنامەی ژیانەوە، ژ.١ سالی ١، ١٩٢٤.

5- ڕۆژنامەی بانگی حەق، ژ١، سالی١، ١٩٢٣.

6- ڕۆژنامەی ئومێدی ئیستقلال، ژ.١، ١٩٢٣.

7- ڕۆژنامە ئومیدی ئیستقلال، ژمارە ١٧ای ١٩٢٣.

8- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ. سفر، ١٩٩٢، هەولێر.

9- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ.(١)، ١٩٩٢.

10- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ. ٧٨٠٢ تاکو ژمارە ٨٠١٦ لە، ٢٠١٩.

11- ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، ژ.٣٠٢٨، ٢٠٢١. تاکو ژمارە ٢٠١٥ی سالی٢٠١٩.

12- ڕۆژنامەنووس، گۆڤارێکی وەرزی تایبەتە بە کلتوری ڕۆژنامەنووسی،سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات سەرجەم ژمارەکانی.

## سەرچاوەی عەرەبی:

1- أبوزيد، فاروق، علم الصحافة، نشر التوزيع عالم الكتب، ط٤، قاهرة، ٢٠٠٧.

2- أبراش، ابراهيم أبراش، المنهج العلمي و تطبيقاته في العلوم اللّجتماعيه، عمان، دارالشرق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٨.

3- السد، أسراء صلاح، أخلاقيات نشر صور أغتيالات الشخصيات العامة، مركز هردو، عمان،٢٠١٧. (بحث).

4- المشاقبة، أ.بسام عبدالرحمن المشاقبة، أخلاقيات العمل الاعلامي، (دارأسامه للنشر والتوزيع عمان)، ط١، ٢٠١٢.

5- السد، أسراء صلاح، أخلاقيات نشر صور أغتيالات الشخصيات العامة، مركز هردو، عمان،٢٠١٧. (بحث).

6- الفضلي، الدكتور عبدالهادي الفضلي، أصول البحث، دارالمؤرخ العربي، بيروت، لبنان، ١٩٩٢.

7- بدوي، السيد محمد، ألأخلاق بين الفلسفه وعلم الأجتماع، دارالمعارف، ١٩٦٧.

8- زكريا، دكتور بيتة، ملخص بحوث اليوم الأول، المؤتمرالثالث للإعلام والأتصال، كليه أداب والعلوم، جامعةقطر، بدون سنة.

9- حجاب، محمدمنيرحجاب، نظريات الاتصال، دارالفجر للنشر والتوزيع،ط١، قاهرة، ٢٠١٠.

10- مشارقه، صالح مشارقه و البغوثي، د. وداد، مركز تطور الإعلام، أخلاقيات الإعلام، نموذج مساق للتدريس الجامعي، ٢٠١٧.

11- مزيد، د. رحيم، أخلاقيات الإعلام الجديد، مطبعة محافظة دهؤك، ط١، ٢٠١٣.

12- مكاوي، دكتور حسن عماد، أخلاقيات العمل الإعلامي، دراسة مقارنة، دارالمصرية اللبانية، ط٤، ٢٠٠٦.

13- مركز هردو، أخلاقيات ومبادىء العمل الصحفي والأعلامي، مركز هردو لدعم التعبير الرقمي، القاهره،٢٠١٢.

14- منصور، عوض منصور، پروفیسۆر و صبري، عزام صبري استاذ، مبادىء الأحصاء، دار صفاء للنشر والتوزيع، ٢٠٠٠، عمان.

15- علم الدين، محمودعلم الدين، أساسيات الصحافه في القرن الحادي والعشرين، كليه الأعلام جامعه القاهره، ٢٠٠٩.

16- عبدالعزيز، خالد الشريف عبدالعزيز، أخلاقيات أعلام، داريافا العلميه للنشر والتوزيع/الأردن، ط١، ٢٠١٤.

17- عمر، سامان فەوزی، المسؤلية المدنية للصحفي، دراسة مقارنة، ط١، (عمان، دار وائل للنشر والتوزيع،٢٠٠٧).

18- عبدالمجيد، أ.رمضان، دفاتر السياسة والقانون، مفهوم مسؤليه الاجتماعية للإعلام، الجزائر، ٢٠١٣.

19- صدقه، جورج صدقه، بين المبادىء والواقع، ناشر الكتاب مؤسسة مهارات، الطبعة الأولى، بيرۆت، ٢٠٠٨.

20- شەهيد، م.م.حسين همزه شهيد، الأخلاق في فكر ألافلاطون الفلسفي، مركزدراسات، الكوفه، عدد العشر، ٢٠٠٨.

## سەرچاوەی ئینگلزی:

1- Media Ethics Key principles for Responsible Practice, Patrick Lee Plaisance, Colordo State University, SAGF Publication Inc, Second-edition, 2014.

2- Thomas Osburg and Stephanie, Media Trust in a Digital World

3-Journalism ethics: The Global Debate, International Center for Journalists, (ICFJ), 2003, Wa